

# سیستمی سەرۆکایەتی و بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سەرۆک رەمزی نەبێت،

### دیموکراتی واتە فرەیی سیاسیی و (پلۆرالیزمی)

کاتێك باسی دیموکراتی دەکەین دەبێت باسی فرەلایەنی سیاسیی و بوونی پارتی سیاسی لەناوکۆمەڵگەدا بکەین، بێ بوونی فرەلایەنی سیاسیی و پارتی سیاسیی جیاواز دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا دروست نابێت، سەبارەت بە گرنگی رۆڵی پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادنانی دیموکراتی خاتوو (سێری گلۆپن) بەڕێوەبەری دیراساتی (مافەکان، دیموکراسی و پەرەپێدان) لە سەنتەری (CMI) تایبەت بەم راپۆرتەی گوڵان وتی «زەحمەتە بتوانین ئەوە بهێنینە بەرچاوی خۆمان کە دەتوانرێت لە رووی پراکتیکەوە دیموکراسی لە کۆمەڵگە گەورە و ئاڵۆزەکاندا پیادە بکەین بە بێ بوونی پارتە سیاسییەکان. بە تایبەتی زۆر زەحمەتە خەڵکی بتوانن گوزارشت لە بۆچوونە ئایدلۆژییەکانی خۆیان بکەن و تێڕوانینە سیاسییە جیاوازەکانیان لەسەر پرس و کێشە سیاسییە جیاوازەکان بخەنە روو، یاخود زەحمەتە خەڵکی بەم تێڕوانین و ئایدلۆژیا جیاوازانەوە بەشێوەیەکی سیستماتیکی ململانێ لەگەڵ یەکدا بکەن بێ ئەوەی لە چوارچێوەی پارتە سیاسییەکاندا خۆیان رێکخستبێت. بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەمیشە پارتە سیاسییەکان ئەم ئەرکە بە باشی ئەدا ناکەن، بەڵکو هەندێجار ئەم کارە بەچەشنێك دەکەن کە دەبنەهۆی قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان».

هەر لەسەر ئەم پرسە گرنگە و بۆ ئەم راپۆرتە لە پرۆفیسۆر ئینگ ئامۆندسن (Inge Amundsen) پرسی کە ئێستا ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی (Tromsø) و پسۆرە لە پرسەکانی دیموکراتی



# کۆمەڵگەی دیموکراتی

# باشترە وەک سەرۆکی پارتەکەی بمێنێتەوە

لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو و چۆنییەتی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، سەبارەت بەوەی ئایا سیستمی دیموکراتی تاچەند رەنگدانەوەی ئەو فرەییەی پارتە سیاسییەکانە لە کۆمەڵگە؟ لە وەڵامدا بەمجۆرە بە راشکاوی بە گوڵانی راگەیاند: ناتوانین بێ بوونی پارتە سیاسییەکان بیر لە دیموکراسی بکەینەوە. چونکە بێ بوونی ئەو پارتە سیاسییانە شتێك نییە بە ناوی دیموکراسیەتی لیبراڵی. بوونی سیستمێکی حزبایەتی کە سەرکەوتووانە ئەرکی خۆی ئەدا بکات، یەکێکە لە پێشمەرجەکانی هێنانە ئارای دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی. پارتە سیاسییەکان کەناڵی سەرەکین لە نێوان هاووڵاتیان و بڕیارسازاندا. پارتە سیاسییەکان گرنگن هەم بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی و هەم بۆ چەسپاندنی دیموکراسی. بە گوزارشتی ستاشنایدەر «پارتە سیاسییەکان دیموکراسی دروست دەکەن، هەروەها دیموکراسیەتی هاوچەرخ بێ بوونی پارتە سیاسییەکان بەردەوام نابێت.» دیموکراسی تەنیا ئەوە نییە بەرواڵەت سیستمی حزبایەتی هەبێت و هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا حکومڕانێتیکردنە بەپێی ئیرادەی خەڵك، ئەو ئیرادەیەی لە هەڵبژاردنێکی ئازادو عادیلانەدا گوزارشتی لێدەکرێت. کەواتە لە کۆتاییدا پرۆسەی بە دیموکراتیکردن پەیوەستە بە بوونی موعارەزەوە، بە چەشنێك دەبێت بەدیلێکی گونجاو، بەردەوام و واقیعی هەبێت بۆ ئەو سیاسەتەی حکومەت دەیگرێتەبەر. دەبێت پارتی سیاسی بەدیلی هەبێت کە بەرنامەی واقیعیان هەبێت و پاڵێوراوی جیاوازیان هەبێت بۆ ئەوەی دەنگدەران

# ئەگەر سەرۆکی وڵات سەرۆکی پارتەکەی خۆشی بێت دەسەڵاتی بەهێزتر دەبێت

**پرۆفیسۆر ئینگ ئامۆندسن**



**بێ بوونی فرەلایەنی سیاسیی و پارتی سیاسیی جیاواز، دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا دروست نابێت**

بتوانن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێبدەن، بەڵام پرسیاری ئێمە بۆ خاتوو ئیڤ ساندبێرگ ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی بۆستن و پسپۆر لە بواری پەرەپێدانی دیموکراتی لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی هەر لە چوارچێوەی کاریگەری حزبە سیاسییەکاندا بوو، بەڵام مەبەستی ئێمە زیاتر بۆ ئەو لایەنە بوو کە بپرسین، کاتێك بوونی پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادی دیموکراتی هێندە گرنگ بن، ئایا تەنیا پارتە سیاسییەکان بەسن بۆ بونیادی دیموکراتی؟ خاتوو ئیڤ بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەوەو وتی «بەپێی ئەدەبیاتی سیاسی بوونی فرەحزبی یەکێکە لە مەرجەکانی بوونی دیموکراسی، بەڵام بەس نییە، مەبەستم ئەوەیە بەگەڕانەوە بۆ مێژوو هیچ دیموکراسیەتێك بێ بوونی فرەحزبی بوونی نەبووە، بەڵام بوونی فرەحزبی بە تەنیا زەمانەتی هێنانە ئارای دیموکراسی ناکات. بەڵکو پێویستە هاوشان بە بوونی فرەحزبی و مەرجەکانی دیکەش لە ئارادابن، بۆ نموونە بوونی زیاتر لە دوو حزب لە ئیتاڵیا هەندێجار دەبێتەهۆی ئەوەی نەتوانرێت بەشێوەیەکی کارا حکومڕانێتی بکرێت، هەندێجار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بوونی دوو حزب دەبێتەهۆی ئەوەی تەنگژەی بنبەست بوون رووبدات».

**پارتە سیاسییەکان دیموکراسی دروست دەکەن، هەروەها دیموکراسیەتی هاوچەرخ بێ بوونی پارتە سیاسییەکان بەردەوام نابێت**

کەواتە ئەوەی ئەم پسپۆرانە جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە کە بوونی فرەیی سیاسی گرنگە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی، بەڵام ئایا چۆن لەناو فرەیی سیاسیدا کولتووری دیموکراتی بە ئاراستەیەك ریشەی خۆی دادەکوتێت کە بتوانرێت لە رێگەی حزبە سیاسییەکانەوە پرۆسەی ئاشتیانەی دەساودەستکردنی دەسەڵات بەڕێوە بچێت، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆری ناوداری جیهانی مایك جۆهانستۆن کە یەکێکە لە تۆژەرە باڵاکانی ئامۆژگای نیشتمانی دیموکراتی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (NDI) تایبەت بەم راپۆرتە وتی «بە دڵنیاییەوە پارتە سیاسییەکان رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەسەر شێوازی دیموکراتی دەبێت، ئەمەش تا رادەیەکی گەورە دەوەستێتەسەر ئەوەی دەنگەکان چۆن فەرزدەکرێن و کورسییەکانی پەرلەمان چۆن دابەش دەکرێن، یاخود ئایا ململانێیەکی کراوە و عادیلانە هەیە لە نێوان لایەنە رکابەرەکاندا، ئایا بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بەهۆی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ئەنجام دەدرێت، ئایا ئەم پرۆسەی ئاڵوگۆڕەش لەلایەن بەشێکی بەرفراوانی خەڵکەوە بە شەرعی لەقەڵەم دەدرێت، ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت، ئەوا کۆمەڵگەکە هەنگاوێك یاخود قۆناغێکی گەورەی بڕیوە لەهێنانەدی دیموکراسیەتییەکی خاوەن میسداقیەت. هەر بۆنموونە ئایا لە کۆمەڵگەکەدا تەنیا دوو پێکهاتە یان دوو گرووپی ئیتنی لە ئارادایە کە لە ململانێ و رکابەریدان لەگەڵ یەکدا، یاخود گرووپگەلی ئیتنی جیاواز هەن کە هەندێجار رکابەری یەکتر دەکەن و هەندێجاریش هاوکاری لەگەڵ یەکدا دەکەن. لە لایەکی دیکەوە مەسەلەیەکی دیکەش لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان رەنگدانەوەی

# ئەگەر سەرۆک دەسەڵاتی راستەقینەی بەدەستەوە بێت، ئەوا باشترە وەک سەرۆکی پارتە سیاسییەکە بمێنێتەوە

**خاتوو سێری گلۆپن**



> بوونی زیاتر لە دوو حزب لە ئیتالیا هەندێجار دەبێتەهۆی ئەوەی نەتوانرێت بەشێوەیەکی کارا حکومڕانێتی بکرێت، هەندێجار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بوونی دوو حزب دەبێتەهۆی ئەوەی تەنگژەی بنبەست بوون رووبدات

دابەشبوونی رای گشتی دەبن، بۆ نموونە لە بەریتانیا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان یەکلاکەرەوە دەبن، بەڵام زۆر دوورن لەوەی رەنگدانەوەی دابەشبوونی رای گشتی بن».

جەختکردنەوەی گوڵان لەسەر بایەخی پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادی دیموکراتی، بۆ راستکردنەوەی ئەو بۆچوونە هەڵانەیە، کەپێشتر بوونی پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادی دیموکراتی لەگەڵ پارتە تۆتالیتارییەکانی هاوشێوەی حزبی بەعس لە سوریا و پارتی کۆمونیستی چینی تێکەڵ دەکران و بەدەستی ئەنقەست دەیانویست سیستمی فرەیی سیاسیی بە شێوازی پارتی دەسەڵاتداری ئەسۆریتاریانیزمی سوریا و چین بچووێنن، کەواتە لێرەوە دێینە ناو باسەکەی خۆمان و دەپرسین ئەگەر یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی بونیادی دیموکراتی بوونی حزبە سیاسییەکان بێت، ئایا لەو کۆمەڵگە دیموکراتییانەی کە سیستمی سەرۆکایەتی لە هەڵبژاردن پیادە دەکەن، ئایا رۆڵی پارتە سیاسییەکان چۆن دەبێت، ئایا ئەو پاڵێورانە کێن کە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵات هەڵدەبژێرن؟ پاشان پرسیار ئەوە دەبێت ئایا دوای ئەوەی سەرۆکی وڵات راستەوخۆ لای گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، ئایا یاسایەك هەیە سەرۆکی وڵات ناچار بکات دەست لە سەرۆکایەتی پارتەکەی هەڵبگرێت؟ ئایا پێویستە یاسایەك دابڕێژرێت سەرۆکی وڵات ناچار بکات دەست لە سەرۆکایەتی حزبەکەی هەڵبگرێت؟ ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان ئەو مافەمان بە خۆمان نەدا راستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، بۆیە پەیوەندیمان بە ژمارەیەك پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەرانسەری جیهان کرد و بە سوپاسەوە لەم راپۆرتەدا بەشداریان کردین و بەمجۆرە وەڵامیان داینەوە.

### سیستمی سەرۆکایەتی و پرۆسەی دیموکراتی

بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی کوردستانی راسپارد کە یاسایەك بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەربکەن بۆ ئەوەی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێردرێت، ئەمەش واتە گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی لە هەڵبژاردنی سەرۆکەوە بۆ سیستمی هەڵبژاردنی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە، ئەمەش واتە سیستمی دیموکراتی لە کوردستان سیستمێکی سەرۆکایەتیەو گەل راستەوخۆ سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێت، کە گەلیش سەرۆکی خۆی راستەوخۆ هەڵبژارد واتە ئەو کەسە هەڵدەبژێریت کە بتوانێت ئەرك و بەرپرسیاریەتی ئەو قۆناغە بگرێتە ئەستۆی خۆی و راستەوخۆ بەرپرسیار بێت لەو متمانەیەی گەلەکەی پێیداوە، بەڵام لەسیستمی پەرلەمانیدا گەل راستەوخۆ دەنگی بە سەرۆك نەداوە (وەك سیستمی ئێستای عێراق) بۆیە هەڵبژاردنی سەرۆك لە رێگەی پەرلەمانەوە دەبێت، لەم سیستمەدا سەرۆك وەزیران وەك دەسەڵاتی جێبەجێکار ئەرکی سەرەکی راپەڕاندنی کارەکانی دەوڵەتی دەکەوێتە سەرشان و سەرۆك لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتێکی

> گرووپگەلی ئیتنی جیاواز هەن کە هەندێجار رکابەری یەکتر دەکەن و هەندێجاریش هاوکاری لەگەڵ یەکدا دەکەن

گوڵان
ژمارە (٧٧٩)
٢٠١٠/٥/٣



# هیچ یاسا و ڕێسایەک نییە مەرجی ئەوە بسەپێنێت، کە سەرۆکی وڵات سەرۆکی پارتەکەی خۆی نەبێت

**خاتوو ئیڤ ساندبێرگ**



لە سیستمی هەڵبژاردنی سەرۆک ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە، ئەوا سەرۆک سەرۆکێکی بەهێز دەبێت و ڕاستەوخۆ دەبێتە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە وڵاتدا

تەشریفاتی و ڕەمزی دەبێت، بەڵام لە سیستمی هەڵبژاردنی سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە، ئەوا سەرۆك سەرۆکێکی بەهێز دەبێت و ڕاستەوخۆ دەبێتە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە وڵاتدا، بەڵام پرسیار ئەوەیە لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا ئەو کەسەی ڕاستەوخۆ خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ سەرۆکایەتی، کەسی یەکەمی ناو ئەو حزبە سیاسییانەن کە لەناو کۆمەڵگە خاوەنی نفووز و جەماوەرێکی گەورەن، دەشێت خەڵکانی دیکەش خۆیان بۆ ئەو پۆستە بپاڵێون، بەڵام چانسی گەورە بۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەنی حزبێکی سیاسی خاوەن نفووز و جەماوەرن لە کۆمەڵگەدا، پرسیار لێرەدا کاتێك سەرۆکی ئەو حزبە لە پرۆسەی هەڵبژاردن متمانەی گەل وەردەگرێت و دەبێتە سەرۆکی وڵات، ئایا یاسایەك هەیە یان دەبێت یاسایەك هەبێت سەرۆکی هەڵبژێردراو ناچار بکات واز لە سەرۆکایەتی حزبەکەی بهێنێت؟ ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا سەرەتا ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕووی خاتوو سیری گۆلپن کردەوە، بەڕێزی زۆر ڕاشکاوانە بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: (دەکرێت لە گۆشەی جیاوازەوە بۆ ئەم پرسە بڕوانین. لە لایەکەوە، گرنگە سەرۆك -بە تایبەت ئەگەر پۆستی سەرۆکایەتی زیاتر پۆستێکی ڕەمزی و تەشریفاتی بێت- بتوانێت نوێنەرایەتیەك ئەدا بکات کە سنووری نوێنەرایەتیکردنی پارتە سیاسییەکەی تێپەڕێنێت، ڕەنگە لەم کاتەدا دەست لە کارکێشانەوەی وەك سەرۆکی پارتەکە ڕێگەچارەیەکی باشتربێت. بەڵام ئەگەر سەرۆك دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەدەستەوە بێت، واتە دەسەڵاتێکی ڕەمزی نەبێت، ئەوا باشترە وەك سەرۆکی پارتە سیاسییەکە بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لەبەردەم خەڵکیدا لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت، هەروەها بۆ ئەوەی خەڵکی بەرچاو ڕوون بن و بزانن کە کارنامە و سیاسەتەکانی چین کە پلانی پیادەکردنیانی هەیە. لەبەر ئەوە ڕەنگە هێشتنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ پارتە سیاسییەکەدا یەکێك بێت لە ڕێگەکانی کاراکردنی ئەو پرۆسانەی حکومەت جێبەجێیان دەکات، بە چەشنێك ئەم پرۆسانە باشتر بتوانن لە ئاست خواستەکانی خەڵکدا بن. بەشێوەیەکی گشتی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دیموکراسی پیادە دەکەن، شتێکی باو نییە ئەو کەسایەتیەی پۆستی سەرۆکایەتی دەگرێتەدەست، پۆستی سەرۆکی پارتە سیاسییەکە جێبهێڵێت). ئەگەر سەرنج لە قسەکانی خاتوو سیری بدەین دەبینن جیاوازی لە نێوان دوو جۆر سەرۆکایەتی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی کردووە، یەکەمیان سەرۆکایەتی ڕەمزی کە بەرپرس نییە لە ئاستی داخوازییەکانی گەل و لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو سەرۆکەیە کە لەلایەن گەلەوە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرێت و گەل چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات ئەو بەرنامەیەی بۆ جێبەجێ بکات کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڵێنی بەگەلەکەی داوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت سەرۆك بەهێز بێت و وەك سەرۆکی پارتەکەی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بەرنامەیەی هەیەتی

ئەگەر سەرۆك دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەدەستەوە بێت، واتە دەسەڵاتێکی ڕەمزی نەبێت، ئەوا باشترە وەك سەرۆکی پارتە سیاسییەکە بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لەبەردەم خەڵکیدا لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت

# له وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکادا سه‌رۆکی وڵاته‌که وه‌ک گرنگترین که‌سایه‌تی ناو پارته‌که‌ی خۆیه‌تی

مایک جۆهانستۆن



به پشت به‌ستن به هێزی حزبه‌که‌ی بۆ گه‌له‌که‌ی جێبه‌جێی بکات.

سه‌باره‌ت به‌وه‌ی ئایا تا چه‌ند هێزی سه‌رۆك به‌نده به پارته‌که‌یه‌وه، پرۆفیسۆر مایکل جۆهانستون، بۆ ئه‌م راپۆرته به‌مجۆره وه‌ڵامی داینه‌وه: (ئه‌وه پرسیارێکه جێی سه‌رنجه، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئێمه لێره‌دا باس له سیستمی سه‌رۆکایه‌تی ده‌که‌ین نه‌ك په‌رله‌مانی، که لێره‌دا ده‌توانین ئه‌وه بڵێین ئه‌گه‌ر سه‌رۆکی وڵات به شێوه‌یه‌کی ره‌سمیش وه‌ك سه‌رۆکی پارته سیاسییه‌که نه‌مێنێته‌وه، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، ئه‌و وه‌ك که‌سایه‌تی دیار و به‌هێزی ناو پارته سیاسییه‌که ده‌مێنێته‌وه، بۆ نموونه له وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکادا سه‌رۆکی وڵاته‌که وه‌ك گرنگترین که‌سایه‌تی ناو پارته‌که‌ی خۆیه‌تی. ئه‌مه‌ش ده‌رئه‌نجامی پیاده‌کردنی سیستمی سه‌رۆکایه‌تیه که ده‌بێته‌هۆی هێنانه‌ئارای که‌سایه‌تیه‌کی به‌هێز.. ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌و واقیعه ده‌گه‌ڕێته‌وه که له سیستمی سه‌رۆکایه‌تیدا-به پێچه‌وانه‌ی سیستمی په‌رله‌مانییه‌وه- سه‌رۆك به چه‌شنی سه‌رۆك وه‌زیران له رێی پارته سیاسییه‌که‌یه‌وه حکومڕانێتی ناکات، به‌ڵکو که‌سایه‌تییه‌کی به‌هێزیان ده‌بێت و ته‌نانه‌ت هه‌ندێجار سه‌رۆك بۆ ئه‌و سیاسه‌ت و بڕیارانه‌ی ده‌یگرێته‌به‌ر پشتگیری پارته رکابه‌ره‌کانیش به‌ده‌ست ده‌هێنێت، وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌سه‌رده‌می (ئایزنهاوه‌ردا) روویدا. له‌به‌رئه‌وه‌ی سه‌رۆك به‌رجه‌سته‌ی ئیراده‌ی خه‌ڵکی وڵاته‌که ده‌کات، سه‌رۆك چه‌ند بتوانێت زیاتر به‌رجه‌سته‌ی خواست و ئیراده‌ی خه‌ڵکی وڵاته‌که‌ی بکات، ئه‌وا پێگه‌یه‌کی به‌هێزتری ده‌بێت).

به‌ڵام پرسیار لێره‌دا ئه‌وه‌یه کاتێك سه‌رۆك له‌لایه‌ن گه‌له‌وه هه‌ڵده‌بژێردرێت و ده‌بێته سه‌رۆکی وڵات و له هه‌مانکاتدا سه‌رۆکی پارته‌که‌ی خۆشیه‌تی، ئایا چۆن سه‌رۆکایه‌تی وڵات و سه‌رۆکایه‌تی پارته‌که‌ی ده‌کات؟ سه‌باره‌ت به‌م پرسه گوڵان راشکاوانه و به‌مجۆره ئه‌م پرسیاره‌ی ئاراسته‌ی پرۆفیسۆر ئینگ ئامۆندسن کرد: له هه‌ندێ وڵاتدا که سه‌رۆك به‌شێوه‌یه‌کی راسته‌وخۆ له‌لایه‌ن گه‌له‌وه هه‌ڵده‌بژێردرێت، بێگومان سه‌رۆکی هه‌ڵبژێردراو سه‌رۆکی پارتێکی سیاسیشه، پرسیاره‌که ئه‌وه‌یه ئایا ده‌کرێت پۆستی سه‌رۆکی پارته سیاسیه‌که جێبهێڵێت و ته‌نیا پۆستی سه‌رۆکی وڵاته‌که بگرێته‌ده‌ست؟

پرۆفیسۆر ئامۆندس به‌مجۆره وه‌ڵامی داینه‌وه: (نه‌خێر، نابێت داوای لێبکرێت ده‌ست له سه‌رۆکایه‌تی پارته‌که‌ی هه‌ڵبگرێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی سه‌رۆك له سیستمی سه‌رۆکایه‌تیدا و سه‌رۆك وه‌زیران له‌سیستمی په‌رله‌مانیدا سه‌رۆك یان سه‌رکرده‌ی پارته حکومڕانه‌که‌ن). ئه‌مه‌ش لایه‌نی ئیجابی خۆی هه‌یه، چونکه ده‌بێته‌هۆی یه‌کگرتوویی و یه‌کده‌نگی پارته‌که. له هه‌مان کاتدا رۆڵی دوولایه‌نه‌ی سه‌رۆك (سه‌رۆکی وڵات و سه‌رکرده‌ی حزب)ده‌بێته‌هۆی به‌هێزکردنی ده‌سه‌ڵاتی سه‌رۆك.

ئه‌وه‌ی له‌م راپۆرته‌دا خستمانه‌روو که‌م تا زۆر رای گوڵان نه‌بوو، به‌ڵکو رای ئه‌و پسپۆرانه بوون که گوڵان بۆ ئه‌م راپۆرته پێوه‌ندی پێوه‌کردون و مه‌به‌ستێتی که خوێنه‌رانی به زانیاری زیاتر ئاشنا بکات.

**پارته سیاسییه‌کان ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی به‌رچاویان له‌سه‌ر شێوازی دیموکراتی ده‌بێت**

**نابێت داوای لێبکرێت ده‌ست له سه‌رۆکایه‌تی پارته‌که‌ی هه‌ڵبگرێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی سه‌رۆك له سیستمی سه‌رۆکایه‌تیدا و سه‌رۆك وه‌زیران له‌سیستمی په‌رله‌مانیدا سه‌رۆك یان سه‌رکرده‌ی پارته حکومڕانه‌که‌ن**

# هەرێم لە عێراقی دوای هەڵبژاردندا



شەفیق قەزاز

بۆ تێگەیشتنی باشتری پانۆرامای پێشهاتەکان و بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی کوردی پێشبینیەکی روونی هەبێت لە ئەگەر و رووداوەکانی قۆناغی داهاتووی پاش هەڵبژاردن، جۆرێك شیکاری پێویستە.

* ئازادکردنی عێراق سالی ٢٠٠٣، هەرێمی کوردستانی لە شێوەی ناوچەیەکی نیمچە سەربەخۆوە گەڕانەوە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی تێکشکێنراو، کە تائێستاش سەرقاڵی دروستبوونەوەی خۆیەتی. تێکەڵبوونەوەی کوردستان بە عێراق جۆرێك ئەرك و ئیلتیزامی بۆ هەردوو لا دروست کرد، بەڵام هەتا ئەمڕۆ ئەو "ئیلتیزام"ە زیاتر شێوازێکی تەوافوقی هەیە، وەك لەوەی تێڕێکی یاسایی و پابەندبوونی دەستووریی پێوە دیار بێت. راستە دەستووری هەمیشەیی نووسرایەوەو زۆرینەیەکی گەورەی خەڵکی عێراق پەسەندیان کرد، بەڵام پیادەنەکردنی راستەقینە و تەواوی دەستوور مەبەستە سەرەکییەکەی دروستکردنی "عێراقێکی دیموکراتی، فیدرالی، فرەیی و سەقامگرتوو"ی فەرامۆش کردووە و هەر لە روانگەی ئەم رەوشە نادەستوورییەشەوە ئیلتیزامی کورد بۆ دەوڵەتی عێراق هێشتا شێوازی پابەندبوونێکی دەستووری و بەرجەستەکراو بەخۆیەوە نابینێت. بە واتایەکی تر، رەوایی و بە یاساییبوونی ئەو گەڕانەوەیە تەنیا بە پیادەکردنی دەستوور و بە فیدرالیکردنی سیستمی حوکم جێبەجێ دەبێت. دەشێت بڵێین لە نەبوونی ئەم مەرجەدا، کوردستانی باشوور ئیلتیزامێکی ئەوتۆی نامێنێت بەرامبەر ئەو گەڕانەوەیەی پاش ٢٠٠٣.

لێرەدایە کە ئەرکی هەرە گەورەی ئەجینداکانی کوردی دەبێت چەسپاندنی سیستمی فیدرالی بێت بەو مانایەی کە دامەزراو و پێکهاتە و تەنانەت شێوەی پێوەندی لەگەڵ ناوەندێکی فیدرال، وەك دەسەڵاتێکی دەستووریی بەرجەستەکراو لە هەرێمێکی فیدرالیدا بچەسپێت.

* "گەمە"ی ناو پرۆسەی سیاسی عێراقی، کە لە رێگایەوە کوردستان وەك ئەکتەرێکی ئەو پرۆسەیە تێکەڵ دەبێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، دەبێت لە روانگەی "هاوژیانی" و "رووبەڕووبوونەوە"ی دوو سیستمی حوکم (حوکمی قەوارەیەکی ناوەند و حوکمی پێکهاتەیەکی هەرێمی)ەوە سەیر بکرێت.

عێراق بە حوکمی قەوارەی گەورەترو دارەتی بەهێزتر و دەسەڵاتی فراوانتری خۆی و شێوەی بیرکردنەوەی، لە پرۆسەی دروستبوونەوەی خۆیدا کەمتر فاکتەری کوردی لێکدەداتەوە، یاخود بابڵێین کەمتر هەستیارو بەرزنرخێنەری رۆڵی کوردە چ وەك توخمێکی پێویست بۆ پرۆسەکە یان کێشەیەك لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا. گەرچی هەمیشە پێشوازیکەرە لە هەموو کردەیەکی بێوەی و هەڵوێستی رازیکەرانەی کورد. تەنیا لە هەستیارییەوە بەبوونی ئەم دوو سیستمی حوکم و جیاوازییەکانیانەوە، داتوانین ئەو وەرچەرخانە بەدی بکەین، کە لە سروشت و جۆری مامەڵە و بیرکردنەوەی هەردوو سیستمەکەدا رووی داوە.

* ئەرکی کۆکردنەوەی چوار لیستە براوەکانی کوردستان دوای هەڵبژاردن و یەکخستنیان وەك فراکسیۆنێکی کوردستان کارێکی دروست و پێویست بوو. بەڵام ئێستا کە جۆرێك مشتومڕ پەیدابووە لەسەر چۆنێتی سەرپەرشتیکردنی بەرنامە و ئەوای ئەو فراکسیۆنە لێرە و لە بەغدا، پێ دەچێت جارێکی تر بیر لەوە بکرێتەوە کە پەرلەمانی کوردستان بکرێت بە لایەنی تەواوکەری ئەو ئەرکە، واتا چەتری کۆکەرەوە و داڕێژەر و ئاراستەکەری بەرنامەی ئەو فراکسیۆنە. ئەمە لەلایەکەوە لە تەشەنەسەندن و قووڵبوونەوەی ئەو مشتومڕە (کە بێگومان بە بەرژەوەندی کاریگەریی ئەدای فراکسیۆنەکە ناگەڕێت)

تێکەڵبوونەوەی کوردستان بە عێراق جۆرێک ئەرک و ئیلتیزامی بۆ هەردوو لا دروست کرد، بەڵام هەتا ئەمڕۆ ئەو "ئیلتیزام"ە زیاتر شێوازێکی تەوافوقی هەیە

ئیلتیزامی کورد بۆ دەوڵەتی عێراق هێشتا شێوازی پابەندبوونێکی دەستووری و بەرجەستەکراو بەخۆیەوە نابینێت

لامان دەدات و لەلایەکی ترەوە پەرلەمانی کوردستان وەك دامەزراوێکی دیموکراتی و نوێنەری راستەوخۆی خەڵك، بچێتە نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقیەوە بەرامبەر بە پەرلەمانی داهاتووی عێراق کە مەزندە دەکرێت ئەمجارە لە بارودۆخێکی ئاڵۆزەوە بەڵام بە توانا و رۆڵێکی جیاواز لە پێشوو بێتە مەیدان.

لەهەمان کاتدا بۆچوونێك هەیە، کە لەوانەیە لەڕووی کاریگەریی زیاتری ستراتیژێکی کوردییەوە، باشتربێت ئەگەر جەخت لەسەر وەرگرتنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکرێت وەك پۆستێکی سیادی بۆ کورد. بێگومان خەسڵەتی شکۆمەندی پۆستی سەرۆك کۆمار و کەسایەتیی بەڕێز تاڵەبانی دەری دەخەن کە بۆچی کورد بە گشتی زیاتر ئەوداڵی پۆستی سەرۆك کۆمارن.

هەروەها پەیوەست بەم لێکدانەوەیە ئەو خاڵەیە کە ئەگەر جۆرێك تەنازول بۆ یەکتر نێوان لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا روونەدات، پێ دەچێت ئەلعراقیە بە ئەنجام رۆڵی گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی گەورە بگرێتە ئەستۆ لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا. دەسەڵات لە هەرێم و پەرلەمانی کوردستان خەریکن رابێن بە مامەڵەی دروست و شایان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆزی ناوخۆ. بەڵام بێگومان ئەمە جیاوازە لە ئەگەری بەرەنگاربوونەوەی فراکسیۆنی کوردستان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی نێو پەرلەمانی عێراقی کە بە حوکمی پێکهاتەی و جۆری بیرکردنەوەی توخمە جیاجیاکانی، چاوەڕوانیی دۆستانە و پشتگیریی زۆری بۆ کورد و کێشەکانی لێ ناکرێت. بۆیە دەشێت هەر ئەم فاکتەر و ئەگەرانەش بن کە لە روانگەی رەخساندنی بواری باشترەوە بۆ خزمەتکردنی خواستەکانی کورد، یان با بڵێین بەرگری لێیان، کە پۆست و رۆڵی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراقی لەم قۆناغەی ئێستادا بۆ کورد، کارا و دەسەڵاتدار پێناسە بکرێت، بۆیە پێویستە کە ئەم سیناریۆیەش وەك فاکتەرێکی بیرکردنەوەی ستراتیژی کوردی لەبەرچاو بگیرێت.

* لە پشت بەرنامە و ستراتیژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە لە عێراق، ئیدارەی ئۆباما ئەندێشەی چۆنێتیی بەجێهێشتنی عێراقی هەیە. بەشێك لە پێوەندیی ئێستا و دوارۆژی ئەمریکا و عێراق رێککەوتننامەی (SOFA) نەخشەی دەکات. هەروەها بەڵێن و پابەندبوونی ئەمریکا بە دروستکردنەوە و راهێنانی سوپا و هێزی پۆلیس و ئاسایشی عێراق و لەپاڵ ئەوەشدا هاوکاریی پێویست لەشەڕی دژ بە تیرۆردا، ئەمانە ئەو پیوەندیانەن کە بە مانایەکی تر بەجێنەهێشتنی ئەمریکا لە عێراق دەگەیێنن. جا ئەگەر لە تێڕوانینی کوردەوە سەیری ئەم رەوشە بکەین، دیارە کە راستەوخۆ و پۆزەتیڤانە لەسەر بەرژەوەندی کورد، ئەم رەوشە کاریگەریی نییە. بەڵام ئەمریکا چاوەڕوانیی لە کورد هەیە و لێرەدایە کە فاکتەری بوون و رۆڵی کورد دێتە هەڵسەنگاندن.

بۆچوون و راسپاردەی ئۆباما بۆ عێراق رەوشێکە کە عێراقێکی "دیموکراتی، فیدرالی، فرەیی و سەقامگیرتوو" فەراهەم بکات. بۆ دروستبوونی رەوشێکی لەو جۆرە، زیاتر دەگونجێت لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستی ئەمڕۆی ئەمریکا لە عێراق کە پشتگیری لە پیادەکردنی راستەقینەی دەستووری هەمیشەیی بکات. پرۆسەیەکی بە بەرنامەکردنی خودی دەستوور گونجاوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەمریکا کە لە چوارچێوەی عێراقدا مامەڵە لەگەڵ کورد و کێشەکانی بکرێت.

دیسانەوە دەشێت بۆ سیاسەتی ئەمریکا گونجاو بێت کە دەستوور وەك دەستەواژەیەکی یاسایی و دیموکراسی سەیر بکرێت کە پیادەکردنی، خزمەت بەو بەرژەوەندیانە دەگەیەنێت کە خەڵك لەو دەستوورەدا بڕیاریان لەسەرداوە. واتا گونجاوە لەگەڵ ئەو عێراقەی هەمووان، یاخود زۆرینەی خەڵك پەسندی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمریکا رۆڵی دەستوور لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەست نیشان دەکات و بەرز دەینرخێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا رێگا بە چارەسەری "سیاسی"ش (وەك تەوافوق و هەموارکردنی دەستوور) دەدات. کورد دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆری بیرکردنەوە و هەڵوێستە بکات چالاککردنی کارومامەڵە لەگەڵ دەستوور دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە مادەی ١٤٠ و ١٤٢ لەو دەستوورە بە حوکمی زەرورەت پێکەوە گرێ دراون. واتا ئەکتیڤکردنی پرۆسەی هەموارکردن بەرەنگاربوونەوەی لێدەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە باشتربێت کە ئەو پرۆسەیە گوڕوتینێکی پێ بدرێت. جیاواز لەمەو سەبارەت بەخودی ئەمریکا و بەتایبەتی لە رۆشنایی ئەگەر و فاکتەری کشانەوە، پێویستە کورد جەخت لە کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەمریکی بکات لە هەولێر. ئەمە رچەیەکی دیپلۆماسیە کە پێشتر لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە شکێنراوە. هەروەها رێکخۆشکەر دەبێت بۆ فراوانکردنی پێوەندیی نزیك و درێژخایەن کە خودی ئیدارەی ئەمریکی لەم دواییەدا ئاماژەی پێداوە.

جیاواز لە مەسەلەی هاوپەیمانی و تێکەڵبوون لەگەڵ هەرلایەك بۆ پێکهێنانی حکومەت، دەبێت کوردستان لە رێگای فراکسیۆنی کوردستانییەوە ئەجیندایەکی دارێژراوی ئەولەویاتیی هەبێت بۆ چارەسەری گرفتەکانی لەگەڵ بەغدا. دەبێت سەلماندنی ئەم ئەجیندایە و قبووڵکردنی وەك یەکێك لە ئەولەویاتی بەرنامەی کاری رەسمیی هەر حکومەتێك، ببێت بەسەنگی مەحەك و پێوەری ئاستی مامەڵە و هاوکاریی کورد لەگەڵ عێراق لە قۆناغی داهاتوودا.

ماندووکردن، تەنانەت بێزارکردنی کورد بە رۆتین و بەڵێن و پرۆسەی نادیار و چەواشەکەر ئەرکی حکومەتانی یەك لەدوا یەکی عێراق بووە بۆ مەبەستی وازهێنان یان سازشی کورد لەسەر خواستەکانی. تەنیا بەرەچاوکردنی ئەو خاڵەی سەرەوە جۆرێك زامنکاری بۆ حکومەت و خەڵکی کوردستان بەدەست دێت.

هەر ئەم هەڵوێستەیە کە بتوانێت تێگەیشتنێکی بێ چەند و چۆن بدات، نەك هەر بەو لایەنانەی هاوپەیمانێتی و هاوکاریی کورد دەخوازن، بەڵکوو بۆ ئەمریکاش کە رۆڵی کورد لەم قۆناغەدا پێویست دەبینێت و لای مەبەستە کە لە دروستبوونی رەوشێکی لەباردا لە عێراق، گەرەنتی زیاتر بۆ دەربازبوونی خۆی بدۆزێتەوە.

بۆ هەر لایەنێکی پرۆسەی سیاسیی عێراقی، هەڵبژاردنی ئەمجارە مانای جیاوازی هەیە و گوزارشت لە بۆچوون و چاوەڕوانی و بڕیاردانی جیاجیا دەکات. دەشێت بۆ کورد چی بگەیێنێت؟ ئەمەیە ئەو پرسەی کە لە بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیانە و لە تێگەیشتنی ئەو رووداو و پێشهاتانەی باسکراون، دەبێت وەڵام بدرێتەوە.

**ئەرکی هەرە گەورەی ئەجیندایەکی کوردی دەبێت چەسپاندنی سیستمی فیدرالی بێت**

**"گەمە"ی ناو پرۆسەی سیاسی عێراقی، دەبێت لە روانگەی "هاوژیانی" و "رووبەڕووبوونەوە"ی دوو سیستمی حوکم (حوکمی قەوارەیەکی ناوەند و حوکمی پێکهاتەیەکی هەرێمی)ەوە سەیر بکرێت**

**ئەگەر جۆرێک تەنازول بۆ یەکتر نێوان لیستی ئەلعراقییە و دەوڵەتی یاسا روونەدات، پێ دەچێت ئەلعراقییە بە ئەنجام رۆڵی گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی گەورە بگرێتە ئەستۆ لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا**

**دەبێت کوردستان لە رێگای فراکسیۆنی کوردستانییەوە ئەجیندایەکی دارێژراوی ئەولەویاتیی هەبێت بۆ چارەسەری گرفتەکانی لەگەڵ بەغدا**



# داوەتی فەرمی دەوڵەتی تورکیا
# لە پێوەندییەکانی ئەنکەرا و هەولـــ

رۆژنامــەی تــودەی زەمــان کە بەزمانــی ئینگلیــزی لــە تورکیا دەردەچێت بەم ناونیشانە بانگهێشتی فەرمــی حکومەتــی تورکیای بۆ ســەردانی ســەرۆك بارزانــی بۆ تورکیــا بڵاوکردۆتەوە( Former foe Barzani formally (invited to visit Turkey

ئــەم تایتڵە مانــای ئەوەیــە ئەو بارزانییەی پێشــتر وەك نەیار سەیر دەکــرا، ئەمڕۆ بەفەرمــی داوەتی تورکیــا دەکرێت، وەك پرۆفیســۆر حوسێن باغچیش لەم راپۆرتەدا پێی راگەیاندین، لەم سەردانەیدا بارزانی بۆ تورکیا حکومەت و دەوڵەتی تورکیا باسی داهاتووی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە لەگەڵ بارزانی دەکــەن، هەر بە هەمــان دەربڕینی باغچی بۆ گوڵان، ئەم سەردانە واتە تورکیا هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردســتان وەك هاوشانی حکومەتی تورکیا و سەرۆك کۆماری تورکیا سەیر دەکات،وەزیری دەرەوەی تورکیاش داود ئەحمــەد ئۆغلۆ لە پرێس کۆنفرانســێکدا راشــکاوانە رایگەیاند کە داوەتنامەی حکومەتی تورکیا گەیشــتۆتە دەست بارزانی و لە ئایندەیەکی نزیکدا ســەرۆکی هەرێمی کوردستان ســەردانی ئەو وڵاتە دەکات.

بایــەخ و گرنگــی داوەتنامــە فەرمیەکــەی حکومەتی تورکیا بۆ ســەرۆك بارزانی ئەوە بۆ یەکەمجار نییە یەکێك لە حکومەتەکان داوەتی فەرمی سەرۆکی کوردستان بکات، جێگــەی ئاماژە پێکردنە ســەرۆك بارزانی هەر لەســەرەتای ئەمساڵدا بەداوەتی فەرمی ســەرۆك ئۆباما سەردانی واشنتۆنی کردوو، لەمانگی رابردووشــدا بــە داوەتــی فەرمی شــاعەبدوڵڵا سەردانی عەرەبستانی ســعودیەی کرد، هەروەها بەداوەتی فەرمــی ســەرۆك وەزیرانی لوبنان سەعد حەریری ســەردانی لوبنانی

ئەو بارزانییەی پێشتر وەک نەیار سەیر دەکرا، ئەمڕۆ بەفەرمی داوەتی تورکیا دەکرێت

تورکیا هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک هاوشانی حکومەتی تورکیا و سەرۆک کۆماری تورکیا سەیر دەکات



# بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان
# ...ێردا، وەرچەرخانێکی مێژووییە

کردوو، ئێستاش بە فەرمی لەلایەن بەڕێز سارکۆزی سەرۆك کۆماری فەرەنساوە داوەتی فەرمی کراوە کەسەردانی فەرەنسا بکات و بەڕێزی داوەتنامەکەی سەرۆك سارکۆزی قبوڵ کردووە.بەڵام سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ تورکیا بایەخ و تایبەتمەندیی دیکەی هەیە، ئەو بایەخ و تایبەتمەندیەش لەوەیەدایە کە ئەم سەردانە فەرمیەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دوای چەند ساڵی تەنگژە و ناخۆشی لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دێت، بۆیە ئەم سەردانە نیشانەی ئەوەیە کە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو ئاراستەیەکی ئیجابی ئەوتۆ هەنگاو هەڵدەگرن کە ئاستی سیاسیی و دبلۆماتیش دەگرێتەوە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو جۆرە سیاسەتەی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی زمانی لێکتێگەیشتن و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان، جێگەی هەڕەشەی سەربازی و گەڕان بەدوای چارەسەری سەربازیدا بگرێتەوە، هەر ئەم شێوازەی سیاسەتی سەرۆك بارزانیشە کە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی پێگەو شکۆی هەرێمی کوردستانی بە ئاستێك بەرز کردۆتەوە، کە لە هەموو هاوکێشە سیاسیەکاندا بەوردی پێگەی هەرێمی کوردستان بخوێنرێتەوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە گرنگە ئێمە لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییەکی ئەکادیمی تورکیا قسەمان کردووە، کەسەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆك بارزانی و داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا راشکاوانە رای خۆیان بۆ گوڵان بەم شێوەیە دەربڕیوە.

**ئەم سەردانە فەرمیەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دوای چەند ساڵی تەنگژە و ناخۆشی لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دێت**

**ئەو جۆرە سیاسەتەی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی زمانی لێکتێگەیشتن و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان، جێگەی هەڕەشەی سەربازی و گەڕان بەدوای چارەسەری سەربازیدا بگرێتەوە**

# ئەگەر پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بگاتە ئاستێکی بەرز، سنووری نێوانیان بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت



**پرۆفیسۆر دۆغۆ ئیرگل ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئەنکەرا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا و یەکێکە لە ستوونووسە دیارەکانی رۆژنامەکانی تورکیا بە تایبەتی ئەوانەی بەزمانی ئینگلیزی دەردەچن، بۆ قسەکردن لەسەر پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، پرۆفیسۆر دغۆ ئیرگل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

ئەگەر دەوڵەتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک نموونەیەک سەیری تورکیا بکەن و هەمان هەنگاو بۆ کرانەوە و دیموکراتی هەڵبگرن، ئەوا کەشێکی لیبراڵی و لێبووردەیی و پێکەوە ژیان باڵ بەسەر باردۆخی ناوچەکە دەکێشێت

*** جێگەی دڵخۆشیە کاتێك دەبینین، تورکیا وەك دەوڵەتێکی گەورە و گرنگ لە ناوچەکەدا هەنگاوی گرنگ لەبواری کرانەوەو هەموارکردنی یاساکانی وڵاتی خۆی هەڵدەگرێت و ئەمانەش نیشانەی ئەوەن کە تورکیا هەنگاوی جددی بۆ دیموکراتی هەڵدەگرێت، پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم هەنگاوانە کاریگەرییان لەسەر ناوچەکە و دراوسێکانی تورکیا دەبێت؟**

- ئومێدی ئەوە دەخوازم هەنگاوەکانی تورکیا بۆ کرانەوە و دیموکراتی کاریگەری لەسەر خەڵکی ناوچەکە زیاتر هەبێت وەك لەسەر ئەو سیستمانەی حکومڕانی ئەو دەوڵەتانە دەکەن، ئەمەش لەو روانگەیەوە ئەگەر خەڵکی ناوچەکە لە بایەخی دیموکراتی تێگەیشتن، گوشار دەکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتەکانی خۆیان هەنگاوی هاوشێوەی تورکیا هەڵبگرن، واتە مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگەر دەوڵەتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك نموونەیەك سەیری تورکیا بکەن و هەمان هەنگاو بۆ کرانەوە و دیموکراتی هەڵبگرن، ئەوا کەشێکی لیبراڵی و لێبووردەیی و پێکەوە ژیان باڵ بەسەر باردۆخی ناوچەکە دەکێشێت، کە ئەمەش دروست بوو بایەخی یەکێتی ئەورپا وەك ئێستا نامێنێت، تورکیا دەتوانێت لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێتیەکی ئابووری و سیاسی لە ناوچەکە پێکبهێنێت، ئەمەش خزمەتی باری سیاسی و ئابووری ناوچەکە دەکات.

*** ئەوەی بەڕێزت ئاماژەت پێکرد لەسەر ئاستی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەت باسی کاریگەری تورکیا بکەین بۆ زیاتر فراوانبوونی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ئایا لەم رووەوە چۆن سەیری ئەو کاریگەرییە دەکەیت؟**

- هەرێمی کوردستانی عێراق لە رووی کولتوورییەوە تەواوکاری کولتووری ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیایە، یان بەواتایەکی دیکە کولتووری هەرێمی کوردستانی عێراق لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بەردەوامی هەیە، هەروەها لە رووی ئابووریشەوە پێوەندییەکی ئابووری لە نێوان خەڵکی هەردوولادا هەیە، کەواتە هەرێمی کوردستان و تورکیا ئێستا لەرووی کولتووری و ئابوورییەوە زۆر لەیەکتری نزیکن، هەورەها لەرووی سیاسیشەوە لێك نزیکن، بۆیە ئەگەر لە سیستمێکی یاساییشدا نزیکی و لێکچوونێکیان هەبێت، بە تایبەتی لەدیاریکردنی بنەماکانی دیموکراتی و بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ، ئەوا ئەوکاتە زەمینەی ئەوە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەڕەخسێت کە بتوانن ناوچەیەکی فراوانی سیاسی و ئابووری و کولتووری دروست بێت و سنوور لە نێوانیاندا ببێتە شتێکی بێ بایەخ.

*** ئایا بە رای تۆ دوای کردنەوەی**



**کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر ئەو هەنگاوانەی کەپێویستە بۆ ئەو ئامانجەی بەڕێزت ئاماژەت پێکرد خێراتر ناکات؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەو ناوچە فراوانە سیاسی و ئابووری و کولتوورییە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە نموونەیەکی بەرجەستەی هاوکاری دیپلۆماتی و سیاسیی بەردەوام لە نێوان هەردوولادا، هەورەها کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیاش لەهەولێر، دیسان ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان تەنیا بە قسە نییە، بەڵکو پراکتیکیشە.

*** ئێستا وەك دەبینین رۆژ لەدوای رۆژ بەشێوەیەکی چاروەڕواننەکراو پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەرەو پێشەوە دەچن، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورپا و ئەم پێوەندییە باشەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، ئایا تاچەند ئەندامیەتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا ئەم پێوەندییانە بەرەو پێشتر دەبات؟**

- بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، سەرەتا کاریگەری بۆ تورکیا دەبێت و پاشان هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەهۆی ئەو پێوەندییە ئابووری و کولتووری و دیپلۆماتیە بەهێزانەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا هەیەتی، لێرەدا گرنگ ئەوە نییە کە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا یان نا، لەبەر ئەوەی ئێستا تورکیا ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپایە، بۆیە ئەوەی گرنگە ئەوەیە تورکیا لە رووی ئابووری و سیاسیی و یاساییەوە بگاتە ستانداردتی یەکێتی ئەوروپا، هەر بۆنموونە چەند رۆژێك لەمەوبەر بەهۆی داخرانی هێڵە ئاسمانیەکانەوە ناچاربووم بە رێگەی زەمینی لە ڤییەننا بۆ تورکیا بگەڕێمەوە، لەسەر رێگەی گەڕانەوەم لە بولگاریا بینیم (کە ئەمساڵ سێیەم ساڵە بۆتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا) پۆلیسی هاتووچۆ لە رێگەی خێرای دەرەوەی شار کەمین بۆ خەڵك دادەنێنەوە بۆ بەدەستهێنانی پارە و وەرگرتنی بەرتیل، هەروەها ئاستی خێرایی رێپێدراو نزم دەکەنەوە بۆ سی تا چل کیلۆمەتر کە ئەمە لە هیچ ستانداردتێکی جیهانیدا نییە! پاشان کە راتدەگرێت، پێت دەڵێت: تۆ لە سەروو ئاستی خێرایی رێپێدراوت لێتخوڕیوە و دەبێت هەشتا یورۆ سزات بۆ بنووسم یان هەندێك پارەم بدەیتێ تا کێشەکەت چارەسەر بکەم ! ئێمەش بە ناچاری لە سێ چوار شوێن بیست تا سی یورۆ بەرتیلمان بە پۆلیس داوە بۆ رزگاربوون لە سزا. مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە ئەوەیە کە ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بەس نییە، بەڵکو گەیشتن بە ستانداردە بەرزەکانی یەکێتی ئەوروپا گرنگە و تورکیا ئەگەر نەشبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا کە توانی ئەم ستاندارە بەرزانەی یەکێتی ئەوروپا بەدەست بێنێ، ئەوا وەکو ئەستێرەیەکی درەوشاوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدرەوشێتەوە و رووناکی ئەم ئەستێرەیەش دەگاتە هەرێمی کوردستانی عێراق بەهۆی پێوەندییە بەهێزەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

*** ئێستا هەست دەکەین رای گشتی تورکیا بۆ کرانەوە و دیموکراتی لەپێشان باشترە، سوپا کەمتر دەست لە کاروباری حکومەت وەردەدات، ئایا هۆکاری ئەم گۆڕانکاریانە چی بوون؟**

- پێموایە دەسەڵاتی سوپا هەڵەی زۆر گەوەری بەرامبەر بە میللەتی تورکیا کرد، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە ئێستا کێشەی کورد وەك کێشەیەکی ئەمنی سەیرناکرێت، بۆیان دەرکەوت کە بە کوشتنی خەڵك ناتوانن هیچ کێشەیەك چارەسەر بکەن، پێشتر بەهۆی ئەوەی سوپا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی هەبوو نەدەتوانرا لێپرسنەوەیان لەگەڵ بکرێت، بۆیە هەڵەکانی خۆیان بەبیانووی یاخیبوونی میللەت دادەپۆشی، بەڵام کاتێك سوپا هەندێك لە سیاسەت دوورکەوتەوە و گەڕایەوە شوێنی خۆی و ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات کە پاراستنی ئاسایشی وڵاتە، ئیدی هەندێك لە شێوازی کێشەکان و چارەسەرکردنیان گۆڕان، بەڵام هێشتاش بە تەواوەتی سوپا لە دەسەڵات نەکشاوەتەوە.

*** دوایین پرسیارمان، سەبارەت بەوەیە ئایا تاچەند ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە رێگای تورکیا، کاریگەری لەسەر هەردوولا هەیە، بەتایبەتی هاتنی سیولەی نەختی بۆ هەردوولا، ئەمە زۆر گرنگە و دەبێتە هۆی دروستکردنی پێوەندی هاوکاری زۆر بەهێز لەنێوان هەردوولا، بۆیە ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی گەش لە نێوان هەردوولادا.

**کولتووری هەرێمی کوردستانی عێراق لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بەردەوامی هەیە**

**کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیاش لەهەولێر، دیسان ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان تەنیا بە قسە نییە، بەڵکو پراکتیکیشە**

**گرنگ ئەوە نییە کە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا یان نا، لەبەر ئەوەی ئێستا تورکیا ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپایە**

## حوسێن باغچی بۆ گوڵان:

# داوەتی فەرمی تورکیا بۆ بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕووداوێکی مێژووییە، واتە تورکیا وەک هاوشانی خۆی سەیری بارزانی دەکات



**پرۆفیسۆر حوسێن باغچی لە زانکۆی ئەنقەرا ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و پسپۆری تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئیتنیەکانی ناو تورکیا، باغچی زۆربایەخ بەپێوەندییە سیاسییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و دراوسێکانی دەدات و لە چەندین کۆنگرەو کۆنفراسی نێودەوڵەتیشدا بە ناوی حکومەتی تورکیاوە قسە دەکات سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان و داوەتی فەرمی حکومەتی تورکیا بۆ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، باغچی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

کاتێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دێتە تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی تورکیا گفتوگۆ دەکات، باس لە داهاتووی کوردستانی عێراق و تەواوی ناوچەکە دەکەن، ئەمە گۆڕانێکە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ڕوانینە بۆ بارزانی وەک هاوشانێک بۆ ئەوەی لە بارەی ناوچەکەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت

*** پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرەوپێشچووندان، بۆ نموونە بەم دواییە تورکیا بانگهێشتی سەرۆك بارزانی کرد تاوەکو وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی تورکیا بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم سەردانە تا چ رادەیەك کاریگەری ئیجابی لەسەر هەردوولا دەبێت؟**

- ئەمە بانگهێشتێکی گرنگە، لەبەرئەوەی تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ بارزانی وەك هاوشانێك بۆ تورکیا لێی نەدەڕوانرا، بەڵام ئێستا بەم شێوەیە سەیری دەکرێت، کەواتە ئەمە بانگهێشتێکی مێژووییە. هەروەها کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان دێتە تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی تورکیا گفتوگۆ دەکات، باس لە داهاتووی کوردستانی عێراق و تەواوی ناوچەکە دەکەن، کەواتە ئەمە گۆڕانێکە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ڕوانینە بۆ بارزانی وەك هاوشانێك بۆ ئەوەی لە بارەی ناوچەکەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت.

*** مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکەین کردنەوەی کونسوڵگەری تورکیایە لە هەولێر، ئەمە دەبێتەهۆی زیادبوونی پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان هەردوولا، هەروەها ئومێدی ئەوە هەیە کە ئاستی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا گەشە بکات، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە بانکێکی تورکیش لە کوردستان دەکرێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە چۆن لەم هەنگاوانە دەڕوانن و تا چ رادەیەك باشترکردنی پێوەندییەئابووری و بازرگانییەکان یارمەتیدەر دەبێت لە زەمینەسازکردن بۆ ئەوەی هەردوو باشتر لێکتر تێبگەن؟**

- ئەگەر لە یادتان بێت من لە دوایین چاوپێکەوتنم لەگەڵ گوڵاندا ئاماژەم بەوەکرد کە من بە گەشبینییەوە لە داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا دەڕوانم، بڕوانن ئێستا ئێمە باس لەو مەسەلانە دەکەین کە هاتونەتە دی. لە راستیدا پێوەندی تورکیا بە ناوچەی کوردستانی عێراقەوە گرنگە بۆ ئەو ناوچەیە، لەبەرئەوەی ئەو ناوچەیە هیچ دەروازەیەکی دیکەی نییە تورکیا نەبێت، هەروەها ئەم پێوەندییانە لە بەرژەوەندی تورکیاشدان، بە چەشنێك دەبێت پێوەندی ئابووری باشی هەبێت لەگەڵ ئەم بەشەی عێراقدا، نەك هەرتەنیائەم پەیوەندیانە لە چوارچێوەی کاری وەبەرهێناندا کۆتایی پێبهێنرێت بەڵکو سیستمی بانکیش دابنرێت بۆ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی پارە، کەواتە ئێستا کەشێکی نوێ خوڵقاوە، نەك هەرتەنیالە رووی سیاسییەوە کە بارزانی بانگهێشتکراوە بۆ تورکیا، بەڵکو ئەوە بەدی دەکەین کە هەنگاوە ئابووری و سیاسییە تەواوکارەکانی دیکەش لەم رووەوە هەڵگیراون، ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی باشە.

*** ئێمە دەزانین کە پێشتر نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی تورکیا کردو چاوی بە ئەردۆغان کەوت، کە دواتر لەگەڕانەوەداو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا باسی لەوەکرد کە بە ناوی بارزانی و تاڵەبانییەوە بانگهێشتی ئەرۆدغانی کردووە بۆئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەردانی ئەردۆغان بۆ هەرێمی کوردستان تا چ رادەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر کۆتایهێنان بە کێشەکانی نێوان هەردوولا؟**

- ئەگەر ئەمە روویدات، ئەوا دەبێت رووداوێکی مێژوویی، بەڵام من باوەڕم وانییە ئەردۆگان لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا سەردانی کوردستانی عێراق بکات، لەبەر ئەوەی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی لە پێشەو، ئەمەش کاتێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی سەردانی ئەو ناوچەیە بکات. بەڵام ئێمە دەزانین پێشتر داود ئۆغلۆ سەردانی ئەو ناوچەیەی کردووە، کەواتە ئەگەرچی ئەردۆگان خۆی نەهاتۆتە ئەم ناوچەیە بەڵام بەرپرسەکانی دیکە هاتوون و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بایەخ بە بەرەوپێشچوونی ئەو پێوەندیانە دەدات، بەڵام من باوەڕم وانییە لە داهاتوویەکی نزیکدا خۆی ئەم سەردانە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دووبارە هەڵبژێردرێتەوە و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوا مومکینە ئەم سەردانە ئەنجامبدات.

*** بەڵام ئایا ئەگەر پێش هەڵبژاردنەکان سەردانی ئەم هەرێمە بکات، نایێتەهۆی ئەوەی شەعبیەتی زیادبکات لەبەر ئەوەی ئەمە نیشانەی ئەوەیە هەڵوێستێکی تەساموحی دەگرێتەبەر لە ئاست کرانەوەی دیموکراسی لە وڵاتەکەیدا؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەین لە رووی نەزەرییەوە راستە، کێشەکە ئەوەیە ئەگەر بیەوێت سەردانی کوردستانی عێراق بکات، لەم کاتەدا کاردانەوە دروست دەبێت، بۆیە من باوەڕم وانییە لە ئایندەی نزیکدا ئەم سەردانە بکات، لەبەر ئەوەی ئێمە بینیمان کە کاردانەوەیەکی توند هەبوو لە ئاست ئەو دەستپێشخەرییەی ئەردۆگان خستیەڕوو بۆ مەبەستی کرانەوە بە رووی کوردەکانی وڵاتەکەدا، لەبەر ئەوە رەنگە سەردانێکی لەم چەشنە لە روانگەی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکەوە بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانێکی بەرهەمدار نەبێت.

*** تورکیا دراوسێیەکی گرنگی عێراق و هەرێمی کوردستانە و ئەم هەرێمەش دەروازەی تورکیایە بۆ عێراق، هەروەها بەحوکمی ئەوەی تورکیا بەشداربووە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستاندا لە رێی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەم هەرێمەدا، ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە ئایا تا چ رادەیەك تورکیا دەتوانێت لە رێی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم هەرێمەدا پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ عێراقدا؟**

- گومان لەوەدا نییە کە باکووری عێراق دەروازەی بازرگانی تورکیایە بۆ ئەو وڵاتە (عێراق)، بەڵام دەبێت ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی تورکیا و عێراقدا بخوێنرێتەوە. هەروەها ئەوەش راستە کە عێراق دابینکاری سەرەکی نەوت و گازە بۆ تورکیا، لە هەمان کاتدا هەر بەرەوپێشچوونێك لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە عێراقدا دەبێتەهۆی ئەوەی تورکیا لە عێراق و لە باکووری عێراقدا چالاکتر بێت. کەواتە ئەگەر لەم روانگەیەوە بۆ مەسەلەکە بڕوانین ئەوا گەشبین دەبین. لە لایەکی دیکەوە باکووری عێراق ئەو فاکتەرە نییە کە بەرەوپێشچوونی دۆخی ئابووری تورکیا دیاری بکات، چونکە ئەمە ناوچەیەکی بچوکە بە بەراورد بەو ئابوورییە گەورەیەی تورکیا هەیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو راستیە لەبەرچاوبگرین کە لە هەر بەرەوپێشچوونێکی ئابووری لە داهاتووی ناوچەکەدا دەبێت رۆڵی باکوری عێراق رەچاوبکرێت.

*** ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا دەبێتەهۆی بەرەوپێشچوونی کێشەی کورد لە تورکیا و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی تورکیا هەنگاوێك لە بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپا نزیك بکاتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك تورکیا دەتوانێت سوود لەم مەسەلەیە وەربگرێت؟**

- لە راستیدا مشتومڕێکی توند لە تورکیادا دەکرێت لە بارەی ئەو دەستپێشخەرییەی کە تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا خستیەڕوو، بەڵام هێشتا ئەنجامی چاوەڕوانکراوی بەدی نەهێناوە.، من باوەڕم وانییە ئەمە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم چارەسەرکردنە روویدات. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپا، ئەوا تورکیا ناتوانێت بۆ ماوەی ١٥ بۆ ٢٠ ساڵی دیکە ببێتە ئەندام لەو یەکێتیەدا، من حاڵی حازر لە بەرلینم و ئاگاداری مشتومڕی پەیوەست بەم کێشەیەم، تورکیا لە داهاتوویەکی نزیکدا نابێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا. ئەگەر بێینەوە سەر باسکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەوا ئەم کێشەیە لایەنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ناکرێت لە رێی جاڕدانی سەربەخۆییەوە ئەم کێشەیە یەکلابکرێتەوە، چونکە ئەمە سەردەکێشێت بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی تورکیا، کە من پێم وایە کوردەکانیش خوازیاری ئەوەنین ئەم دەرئەنجامەی لێبکەوێتەوە.

*** بەرەوپێشچوونی دۆخی ئابووری ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئابووری وڵاتەکە، پرسیارەکەئەوەیە تا چ رادەیەك باشترکردنی پێوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان رەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لەسەر باشترکردنی دۆخی ئابووری ئەو ناوچەیە؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە باکووری عێراق خاوەنی نەوتەو ئاستێکی پەروەردەی باشتری هەیە بە بەراورد بە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، کە بە دەست نەخوێندەوارییەوە دەناڵێنێت. کەواتە ئەوە راستە باکووری عێراق یان کوردستانی عێراق بە رەوتێکی خێراتر دەوڵەمەند دەبێت بە بەراورد بە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا.

*** ئەگەر لەکۆتاییدا شتێکت هەبێت و ئێمە پرسیارمان لێنەکردبێت؟**

- راسپاردەی من ئەوەیە دەبێت پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق لە هەموو بوارەکاندا بەرەو پێشبچێت، نەك هەرتەنیا لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەرەوپێشچوون لە کێشەی کورد لە تورکیادا، کەبەدڵنیاییەو بوونی پێوەندی باش و ئاشتیانە لە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراقدا کاریگەری باشی دەبێت لەسەر ئەنجامدانی مشتومڕی کراوە لەسەر ئەو دەستپێشخەرییەی لە تورکیادا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد خراوەتەڕوو. ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوودا بۆمان روون دەبێتەوە کە تا چ رادەیەك ئەم دەستپێشخەرییە سەرکەوتووە بووە.

**هەر بەرەوپێشچوونێک لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە عێراقدا دەبێتەهۆی ئەوەی تورکیا لە عێراق و لە باکووری عێراقدا چالاکتر بێت**

**ئەو دەستپێشخەرییەی کە تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا خستیەڕوو، هێشتا ئەنجامی چاوەڕوانکراوی بەدی نەهێناوە**

**ئەوەیە دەبێت پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق لە هەموو بوارەکاندا بەرەو پێشبچێت، نەک هەرتەنیا لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەرەوپێشچوون لە کێشەی کورد لە تورکیادا**

## حوسێن گولیرچە بۆ گوڵان:

# بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا واتە بە ئەندامبوونی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپادا



**رۆژنامەنووس حوسێن گولیرچە یەکێکە لەو شرۆڤەکارە سیاسییانەی تورکیا کە بەردەوام لە میدیاکانی تورکیا بۆچوونەکانی بڵاودەکرێتەوە، حوسێن گولیرچە لەگەڵ ئەوەی زمانی ئینگلیزی نازانێت، بەڵام بەردەوام بۆچوونەکانی بەزمانی ئینگلیزی لە رۆژنامەی تودەی زەمان بە ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە.**

**حوسێن بۆچوونەکانی واقیعیانەیە پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بگاتە ئاستێکی ئەوتۆ کە هەموو بوارەکان بگرێتەوە، سەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**


پاشکشەکردن لەدیموکراتی قبوڵ نییە و دەبێت هەمووشمان ئەم راستیە قبوڵ بکەین

*** تورکیا وەك دەوڵەتێك کە دراوسێی عێراقە و راستەوخۆش سنوورێکی فراوانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بەیەکێك لەو دەوڵەتە گرنگانەی ناوچەکە دادەنرێت، کە خەریکی خۆ ئامادەکرنە بۆ کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورە بە تایبەتی لەبواری هەنگاو هەڵگرتن بۆ زیاتر بەرەو پێشەوەبردنی دیموکراتی، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوانەی تورکیا کاریگەری بۆ سەر ناوچەکە دەبێت؟**

- لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهاندا بۆ پاراستنی بەهاکان و پێشکەوتن کێشەی دیموکراتی کێشەی سەرەکییە، لەبەرئەوە لە سیاسەتی دەوڵەتانی دیموکراتی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ خراونەتە پێش هەرشتێکی دیکە، بۆیە زۆر گرنگە لە دەوڵەتانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتیشدا، ئەم راستیە پشتگوێ نەخرێت، لەم رووەوە کاتێك تورکیا زیاتر هەنگاو بەرەو کرانەوە هەڵدەگرێت، هەوڵەکانی زیاتر چڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا، بێگومان کاریگەرییەکی ئیجابی گرنگی لەسەر دراوسێکانی دەبێت، بۆیە پێویستە تورکیا بەشێوەیەکی ئەوتۆ ئەم گۆڕانکاریانە پیشانی دراوسێکانی بدات، بۆ ئەوەی دراوسێکانیشی سەرنجیان بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی تورکیا رابکێشرێت، وەك نموونەیەك سەیری تورکیا بکەن، بۆیە ئەم قۆناغە بۆ تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێشی قۆناغێکی گرنگە و دەکرێت بڵێین هەردوولا بە قۆناغێکی ئەزموونی گرنگدا تێدەپەڕن، لێرەدا گرنگە ئاماژە بە راستیەك بکەم، کە لە جیهاندا و نە لەتورکیاش پاشکشەکردن لەدیموکراتی قبوڵ نییە و دەبێت هەمووشمان ئەم راستیە قبوڵ بکەین.

*** هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دەروازەیەکی گرنگی ئابووری و بازرگانییە بۆ هەرێمەکە بە تایبەتی و عێراق بەگشتی، ئایا تاچەند ئەم رەوشە بازرگانی و ئابوورییەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە بنەمایەك بۆ هاریکای و تەواوکاری ئابووری لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا؟**

- پێش هەموو شت دەمەوێت ئاماژە بەوەبکەم، کە تورکیا لەناو خۆیدا کێشەی کوردی هەیە، ئەم کێشەیە هەر لە ساڵانی دامەزرانی کۆماری تورکیاوە لە ئارادایە، چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیەش بۆتە مەترسی لەسەر ئاشتی ناوخۆی تورکیا، بۆیە گرنگ و پێویستە ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی دیموکراسیانە چارەسەر بکرێ، لێرەدا راشکاوانە دەڵێم ئەگەر تورکیا بیەوێت وڵاتێکی دیموکراتی بێت، ئەوا پێویستە کێشەی کورد چارەسەر بکات، ئەگەر چارەسەریشی بکات، ئەوا وەکو کار و کاردانەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمایەکی بە هێزتر دادەڕێژێ و ئەم بنەمایە بەهێزەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پێوەندی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و تەواوکاری ئابووریش لەگەڵ یەکتریدا، ئەمەیە پێمان دەڵێت پەرەپێدانی پێوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، سوود و بەرژەوەندی بۆ هەردوولایەکە دەبێت.



**پەرەپێدانی پێوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، سوود و بەرژەوەندی بۆ هەردوولایەکە دەبێت**

*** کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر هەنگاوێکی دیکەی ئیجابیە لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا تاچەند کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر دەبێتە هۆکاری زیاتر بەرەو پێشەوەبردنی نێوان هەردوولا؟**

- کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر، هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا و هەروەها بووە هۆکاری ئەوەی ماوەی دووری نێوان ئەنکەرا و هەولێر کەمبکاتەوەو زیاتر لەیەکتریان نزیکبکاتەوە، پێموایە لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر سوودەکانی ئەم هەنگاوە (کردنەوەی کونسوڵخانە لەهەولێر)مان بۆ دەردەکەوێت، ئەوەی لێرەدا بە بۆچوونی من گرنگ ئەوەیە کە هەنگاوەکانی هەردوولا بە ئاراستەی راست دەچنە پێش، ئەمەش گەشەسەندنێکی پۆزەتیڤانەی گەورە لە پێوەندییەکان دێنێتە ئاراوە، بێگومان تەنها پێوەندییە ئابووری و بارزگانییەکان نا، بەڵکو پێوەندییەکان لە بواری کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئەکادیمی، هاتووچۆی رۆژنامەنووسان، بەستنی کۆڕ و کۆنفرانسی هاوبەش هەمووی گەشەدەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت، زۆرگرنگە ئەو پێوەندییانە بەخێرایی لەسەر هەموو بوارەکان رەنگبداتەوە.

*** ئێمە وەك هەرێمی کوردستان خوازیارین کە رۆژێك زووتر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەو هەنگاوانەی تورکیاش ئێستا بۆ هەموارکردنی دەستوور هەڵیدەگرێت وەك هەنگاوێك بۆ نزیکبوونەوە لە یەکێتی ئەورپا سەیری دەکەین، ئایا تاچەند بوون بە ئەندامی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا کاریگەری ئیجابیانەی لەسەر هەرێمەکە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەبێت؟**

- بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا واتە بوونی کوردستان بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خەڵکی هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی زۆر نزیك و خزمایەتی لەگەڵ بەشێکی سەرەکی خەڵکی تورکیا هەیە، هەروەها پەرەوپێشچوون و ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی وەك سوریاو گورجستان، ئەگەر لەم لایەنەشەوە فراوانتر سەیری کاریگەری بەئەندابوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورپادا بکەین دەبینن، کاریگەریشی لەسەر جیهانی ئیسلامیش دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ زۆرکەس بیر لە ململانێی نێوان شارستانییەکان دەکەنەوە و پێیانوایە جیهانی رۆژئاوا تورکیا وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی لە یەکێتی ئەوروپا قبوڵ ناکات، بۆیە ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورپا، ئەوا ئەو بوچوونەش نامێنێت کە دەوڵەتانی ئیسلامی رۆژئاوا وەك دوژمن سەیری بکەن، ئەمەش خزمەتی ئاشتی جیهانی دەکات، بۆیە لەگەڵ ئەوەی بوونی تورکیا بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا هەنگاوێکی سیمبولیە، بەڵام کاریگەری زۆر گەورەی دەبێت.

**زۆرکەس بیر لە ململانێی نێوان شارستانییەکان دەکەنەوە و پێیانوایە جیهانی رۆژئاوا تورکیا وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی لە یەکێتی ئەوروپا قبوڵ ناکات**

*** ئێستا هەست دەکەین رای گشتی تورکیا بۆ کرانەوە و دیموکراتی لەپێشان باشترە، سوپا کەمتر دەست لە کاروباری حکومەت وەردەدات، ئایا هۆکاری ئەم گۆڕانکاریانە چی بوون؟**

- پێموایە هێشتا زووە بۆ دەربڕینی ئەم رستەیە، لەبەر ئەوەی هێشتا گۆڕانکارییەکانی دەستوور لەناو پەرلەمانی تورکیا بەردەوامە و کێشەی (ئێرگێنێکۆن) لە ئارادایە، ئەمانەش ئاماژە بەوە دەکەن تورکیا لە پرۆسەی دیموکراتیدا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئێمە ئومێدی بۆ دەخوازین، بەڵام ئەمە تەنیا ماوەیەکی پێویستە و تا هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت پابەنددەبن بەو بڕیارانەی کە خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا دەیدەن، ئەوکاتە سوپاش بەهیچ شێوەیەك تێکەڵی ئەو کارانە نابێ کە سەر بە سوپا نییە، بەڵام هێشتا ئەمە جێبەجێ نەکراوەو بە داخەوە هەتا ئێستاش سوپا تێکەڵی هەندێك کاروبار دەبێ کە هیچ پێوەندییەکی بە سوپاوە نییە، لە راپۆرتەکانی یەکێتی ئەوروپاشدا ئاماژە بەوەکراوە، کە هەتا ئێستاش سوپا گوشار دەخاتە سەر دادگای باڵای تورکیا، هەر بۆیە بە بڕوای من تورکیا ماویەتی بگاتە ئەو ئاستەی کە ئێمە ئومێدی بۆ دەخوازین.

**تورکیا ماویەتی بگاتە ئەو ئاستەی کە ئێمە ئومێدی بۆ دەخوازین**

*** هەر سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، دەبینن پێوەندییەکی دیکەی بازرگانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، ناردنە دەرەوەی نەوتە، ئایا تاچەند ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم کاریگەی لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- گەشەسەندنی پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق سوودی بۆ هەردوولا دەبێ، ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراقیش لە رێگەی تورکیاوە نیشانەی دۆستایەتی نێوان هەردوولایە و هەنگاوێکی گرنگە لە نێوان هەردوولادا، ئەگەر حکومەتی عێراقیش بە بایەخەوە سەیری ئەم هەنگاوە بکات.



**مێژوو لەگەڵ گەلی کورد بەرەحم نەبووە، ئێمە وەک فەرەنسییەکان ئەو راستییەمان دۆزییەوە کە بەڵێ میللەتێک هەیە کە کوردە و مێژوو غەدری لێکردووە**

**دەمەوێت کونسوڵخانەی فەرەنسا لەهەولێر کونسوڵخانەیەکی فراوان بێت**

**لە داهاتوویەکی نزیکدا ماڵی فەرەنسا بۆ کشتوکاڵ و ژینگە لە هەولێر دەکەینەوە**

## د.فردریک تیسۆ/ کونسوڵی گشتی فەرەنسا بۆ گوڵان:

# زۆر خۆشحاڵم بەوەی لەلایەن سەرۆک سارکۆزییەوە بەفەرمی سەرۆک بارزانی داوەتی فەرەنسا کراوە، خۆشحاڵیشم کە سەرۆک بارزانی ئەو داوەتەی قبوڵکردووە



**دکتۆر فردریک تیسۆ Frederic tissot لەچەند دێڕێکدا**
لەهەرێمەکانی ئەفغانستان و یوگسلافیای پێشوو سۆماڵ و هایتی کاریکردووە لە ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٥ ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستی ئەفغانستان بووە، لەهایتیش ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستی بووە، برنارد کۆشنەر وەزیری کاری دەرەوەی فەرەنسا بڕیاری دا کە نوێنەرایەتی فەرەنسا لەهەرێمی کوردستان بکات و پۆستی کونسوڵی گشتی فەرەنسای پێ سپێردرا، برنارد کۆشنەر لەزۆر پۆستی وەزاری لەفەرەنسا کاریکردووە لەوانە پۆستی وەزیری کاری دەرەوەی فەرەنساو ئێستا وەزیری دەرەوەی فەرەنسایە لە ساڵی ١٩٧٤ەوە پێوەندی لەگەڵ گەلی کورد هەبووە. لەدیالۆگێکدا کە هەفتەنامەی گوڵان لەگەڵ دکتۆر فردریك سازیدابوو، کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەزۆر لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کرد، ناوبراو پێی وابوو: بوونی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، فەرەنسا پێوەنییەکی دێرینی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەو لەم روانگەیەوە فەرەنسا بەنیازە پێوەندییەکانی توندو تۆڵترو فراوانتر بکات.

کاتێک مێژوو بێ ڕەحم بێت بەرامبەر میللەتان، ئەوا میللەتان دەستەوەستان نابن، بەڵکو هەوڵدەدەن خۆیان مێژوو بۆ خۆیان دروست بکەن

بۆچی پەرلەمانی فەرەنسا کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانی بە ژینۆساید ناساند، بەڵام کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیابارانی کوردی بە ژینۆساید نەناساندووە؟

هیچ کاتێک رابردووی خۆتان لەبیر نەکەن

لەم هەرێمە بونیادیی میدیایەکی گەورە هەیە کە لەسەر ئاستی بینراو بیسترا و نووسراو هەستی پێدەکرێت



ئەگەر دەتانەوێت مێژووی خۆتان بنووسنەوە دەبێت شوێنەوارەکانتان بپارێزن

*** وەك گۆڤاری گوڵان خۆشحاڵین کە ئێستا لە کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر دانیشتووین و پێکەوە باس لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا دەکەین، هەروەها دەزانین د.فردریك تیسۆ کە ئێستا لە هەولێر کونسوڵی گشتی فەرەنسایە و دۆستی کوردەو ساڵانێك لە نزیکەوە ئاگاداری مەینەتییەکانی کورد بووە، بۆیە پرسیاری خۆمان لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین و ئایا بەرێز د.فردریك تیسۆ کاتێك کونسوڵخانەی فەرەنسا لەهەولێر کرایەوە هەستی چۆن بوو، ئایا چ پرسیارێکی لە خۆی کرد؟**

- من بەکردنەوەی کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر زۆر دڵخۆش بووم، بەڵام هیچ پرسیارێکم لەخۆم نەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو کارەی بەمن سپێردرابوو ئەوەبوو بێمە هەرێمی کوردستان و کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر بکەمەوە و بەخەڵکی کوردستان رابگەیەنم کە دەوڵەتی فەرەنسا زۆر بەبایەخەوە سەیری عێراق دەکات و هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی عێراقدا بەشێکی زۆر گرنگە، هەروەها لەم هەرێمە پێوەندیمان لەگەڵ زۆر کەسایەتی گرنگ دروست بکەین کە بەشداربوون لەحکومەتی عێراق، لەگەڵ ئەوانەشی کە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، لەمەش زیاتر ئێمە وەك فەرەنسا پێوەندییەکی دێرینمان لەگەڵ گەلی کورد هەیە، جەنابی بێرنارد کۆشنەر کە ئێستا وەزیری دەرەوەی فەرەنسایە لە ساڵی ١٩٧٤ەوە پێوەندی لەگەڵ گەلی کورد هەبووە، بۆیە بۆ جەنابی کۆشنەر زۆر ئاسایی بوو کە کونسوڵخانەی گشتی فەرەنسا لە هەولێر بکرێتەوە،وەك خۆشم کە پێشتر کاری من پزیشك بووە، لە نزیکەوە بە کورد ئاشنابووم، لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ جەنابی برنارد کۆشنەر هاتینە سنوورەکانی کوردستان بە چاوی خۆم ئەو کارەسات و مەینەتیانەمان بینیووە کە لە سنوورەکانی حاجی ئۆمەران و سنوورەکانی تورکیا بەسەرکوردا هاتوون،لەم روانگەیەوە ئێستا کە کونسوڵی گشتی فەرەنسام لەهەولێر زۆر بەبایەخەوە کارەکانم دەکەم دەمەوێت کونسوڵخانەی فەرەنسا لەهەولێر کونسوڵخانەیەکی فراوان بێت، ئێستا بەشێکی ئەم کونسوڵخانەیە بۆ کاروباری سیاسییە، بەشێکی بۆ کاروباری بازرگانیە، بەشێکی بۆ کاروباری کولتورییە،ئەم هەموو کارانەش لە پێناوی ئەوەیە کە بتوانین پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا بەهێز بکەین.

لە دوای کەمتر لە دووساڵ ئیشکردن، ئەوەتا ئێمە ئێستا لەناو کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر دانیشتووین تەنیا چەند مەترێك لە قەڵای هەولێر دوورین، هەر لەتەنیشت ئەم کونسوڵخانەیە سەنتەرێکی رۆشنبیری جوانمان هەیە، لە داهاتوویەکی نزیکدا ماڵی فەرەنسا بۆ کشتوکاڵ و ژینگە لە هەولێر دەکەینەوە، کارێکی زۆرمان ئەنجامداوە کە باسکردنی کاتێکی زۆری دەوێت، بۆیە ئەوەندە دەڵێم بوونی فەرەنسا لەهەرێمی کوردستاندا زۆر گرنگە .

*** ئێوە شاهیدی کارەسات و مەینەتیەکانی گەلی کوردستانن، ئایا بەلاتەوە سەیر نییە**



## کاتێک رێز لە رابردووی خۆتان دەگرن، دەتوانن ئایندەی خۆتان بونیادبنێنەوە

**ئەگەر بڵێم، دوای ئەو هەموو کارەسات و مەینەتیانەی بەسەر کورد هاتن، ئێستا ئێمە لە کونسوڵخانەی فەرەنسا لەهەولێر دانیشتووین لەخەو دەچێت؟**

- راستە هەقی خۆتانە بە خەوی بزانن، بەڵام من دڵنیاتان دەکەمەوە ئەمە خەون نییەو راستییە، بێجگە لە فەرەنسا کە کونسوڵخانەی لە هەولێردا هەیە، ١٦ دەوڵەتی دیکەش کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کوردا هاتن دووبارە نابنەوە.

*** لەوانەیە تێروانینی کورد بۆ فەرەنسا لە تێروانینی گەلانی دیکە بۆ فەرەنسا جیاواز بێت، کورد نزیکەی ١٠٠ ساڵە بە ئومێدەوە سەیری فەرەنسا دەکات، مەبەستم ئەوەیە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە کە لە شاری سیڤەر پەیماننامەی سیڤەر مۆرکراو بەپێی ئەو پەیماننامەیە مافی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد بڕیاردرا، ئەمە وایکردووە زۆرکەس منداڵەکانی ناوبنێت سیڤەر، هەروەها لەساڵی ١٩٩١ یش ئێمە هەوڵەکانی فەرەنسامان لەبەر چاوە کە بوونە هۆکاری دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی نێو دەوڵەتی، پرسیاری من ئەوەیە ئایا هۆکاری بایەخدانی فەرەنسا بەدۆزی کورد بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بەرای من وا هەست دەکەم کورد میللەتێك بوو لە مێژوودا لەبیرکرابوو، کاتی خۆی ئێمە کەوەك پزیشکی فەرەنسی دەهاتینە کوردستان، نەماندەزانی کوردستان بوونی هەیە یان نە،بەڵام خەڵك دەیزانی لوبنان بوونی هەیە، بەڵام کێ دەیزانی کورد هەیە، بۆیە من واهەست دەکەم مێژوو لەگەڵ گەلی کورد بەرەحم نەبووە، ئێمە وەك فەرەنسییەکان ئەو راستییەمان دۆزییەوە کە بەڵێ میللەتێك هەیە کە کوردە و مێژوو غەدری لێکردووە، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، من دیسان واهەست دەکەم مێژوو لەگەڵ زۆربەی گەلانی جیهان بەرەحم نەبووە، بۆیە بەرپرسیاریەتییەکە بە تەنیا ناکەوێتە سەرمێژوو، بەڵکو بەشێکی گرنگی دەکەوێتە سەر خودی کوردیش، مەبەستم لەمەش ئەوەیە کاتێك مێژوو بێ رەحم بێت بەرامبەر میللەتان، ئەوا میللەتان دەستەوەستان نابن، بەڵکو هەوڵدەدەن خۆیان مێژوو بۆ خۆیان دروست بکەن، ئێوەش نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەن کە خەڵك لە دەرەوە مێژوو بۆ ئێوە دروست بکات، بەڵکو دەبێت خۆتان هەوڵبدەن مێژوو بۆ خۆتان دروست بکەن، پشت بەخۆتان ببەستن،متمانە بەتواناو هێزی خۆتان بکەن، بەڵام من لێرەدا کەباسی هێزو توانا دەکەم دەبێت بزانن من باسی هێزو تواناى سەربازی ناکەم، بەڵکو باسی هێزی فیکر و کولتووری کورد دەکەم کە دەبێتە ئەو هێزەی دەتوانێت سەرلەنوێ مێژووی کورد بنووسێتەوە، ئێستا من وەك فەرەنسییەك واهەست دەکەم کورد لە عێراقدا پێگەیەکی زۆر گونجاوی هەیە توانیویەتی خۆی بونیاد بنێتەوە و رۆڵی کاریگەریش لە بونیادنانەوەی عێراقیش بگێڕێت.

*** یەك دووساڵ لەمەوبەر لە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان، لەبەڕێز ئالان مەدلێ پەرلەمانتاری فەرەنسی و**

**که رابردووی خۆتان رێز لێگرت دەزانن ئێوە لە کوێوە هاتوون و بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرن**

**کۆمەڵێک شوێنەوارناسی بەناوبانگی فەرەنسی هاتوونە کوردستان بۆ ئەوەی بە هاوکاری حکومەت و زانکۆکانی کوردستان کنەو پشکنین بۆ شوێنەوارەکان بکەن**

**ســـەرۆکی لیژنەی داکۆکیکار لە مافی کەمینەکان لەپەرلەمانی فەرەنسام پرسی، بۆچی پەرلەمانی فەرەنسا کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانی بە ژینۆساید ناساند، بەڵام کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیابارانی کوردی بە ژینۆساید نەناساندووە؟ لەوەڵامدا پێی وتم لەبەر ئـــەوەی دەنگدەری ئەرمەن لە فەرەنسا زۆرن، پرسیاری ئێستای من لە بەڕێزت ئەوەیە ئایا تاچەند دەتوانین بەوە گەش بین کە ڕۆژێـــك دێت پەرلەمانی فەرەنســـا کۆمەڵکـــوژی کوردیـــش بە ژینۆساید بناسێنێت؟**

- بـــەرای مـــن ئەمە پرســـێکی زۆر گرنگە،من دەزانم ئێســـتا لەسەر ئاستی کوردســـتان ڕێکخراوێکی لۆکاڵ هەیە و لـــەدەرەوەش ڕێکخراوێك هەیە کە کار بۆ ئەوە دەکەن ئەنفال لەســـەر ئاستی عێراق و جیهان بە ژینۆساید بناسرێت، هەروەها حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتانیش هەوڵێکـــی زۆریداوەو بەردەوامیشـــە بۆ ئەوەی ئەو تاوانە بە ژینۆساید بناسرێت. بەڵام ئەم پرسە کاری زیاتری دەوێت.

من پێش چەند ڕۆژێك لە مەراســـیمی هێنانەوەی رووفاتـــی ئەنفالکراوەکان لە چەمچەماڵ ئامادەبووم، بەرێز نێچیرڤان بارزانی بە نوێنەرایەتی سەرۆك بارزانی وتارێکی زۆر گرنگی پێشـــکەش کرد، هەروەهـــا بەریـــز د.بەرهەم ســـاڵحیش سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد،چەندین دبلۆماتی بیانیـــش لـــەو ڕێورەســـمە ئامادەبوون، مەبەســـتم لەمانە ئەوەیـــە کە هەوڵەکان بەردەوامن، بـــەڵام دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دوای ٧٠ ســـاڵ کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بە ژینۆســـاید ناسراوە، بۆیە ئەمە پرۆســـەیەکی دوورو درێژە و هەم هەوڵێکی زۆری دەوێت هەمیش کاتێکی زۆری دەوێت،من وەك خۆم کە پزیشکێك بووم زۆرباش لە ئازار و نەهەماتییەکانی ئەو خەڵکـــە تێدەگەم، بەڵام دەبێت کورد هەوڵەکانـــی بۆداهاتوو بێـــت و دەبێت هەوڵبدات لە ناو ئەو کارەساتانەوە داهاتوو بونیاد بوونێت، هەر لە مەراســـیمەکەی چەمچەماڵ دا، کچێکی تەمەن ٦ساڵ وتەیەکی خوێندەوە کە زۆر بەســـۆز بوو هەمووەمانـــی هەژاند، پرۆفیســـۆرێکی ئەمریکی لەوێ بوو دوای خوێندنەوەی ئەو وتە بەسۆزە کچەکەی لە ئامێزگرت و ماچی کرد، بۆیە من دەڵێم دەبێت کورد بەوزەی نەوەی داهاتـــوو داهاتوو بونیاد بنێت، لێرەدا من بە گرنگی دەزانم کورد کار بۆ دوو مەسەلەی گرنگ بکات :

١- دەبێت هەوڵەکانی خۆتان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی ئەو تاوانە بە ژینۆساید بناسرێن لەسەر ئاستی عێراق و جیهان.

٢- دەبێت داهاتوو بونیادبنین و هەوڵبدەن جارێکی دیکە کارەســـاتی لەو شـــێوەیە دووبارە نەبێتەوە.

*** ســـەبارەت بە بونیادنانەوەی داهاتوو، دەخوازم ئاماژە بە بونیادنانەوەی پاریس بکەم دوای شـــەڕی دووەمی جیهانی، ئەم پاریســـە جوانەی ئێستای فەرەنسا، لەســـەر ئاسەواری پاریســـە کاولەکەی دوای جەنگـــی دووەمی جیهانی بونیاد نراوەتەوە، ئەگەر ئەو پرســـیارە لەبەڕێزت بکەم، ئایـــا ئەو ئیرادەو توانایە لە کوردا دەبینین، کە بتوانێت لەســـەر ئاسەواری کاولکاری وڵاتێکی جوان بونیادبنێتەوە؟**

- نـــەك هەر ئەو توانا و ئیرادەیە دەبینم، ئێســـتا کورد لەنـــاو بونیادنانەوەیەکی تەواودایـــە، فەرموو با ســـەیری هەولێر بکەین لەهەموو جێگایـــەك بونیادنانەوە بەردەوامـــە، بونیادنانەوەکەش لەهەموو ئاستەکاندایە، لەسەر ئاستی بونیادنانەوەی سیاسی دەبینن ئەوە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەبینن، لە عێراقدا دەستوورێك هەیە بەپێی ئەو دەســـتوورە کوردســـتان هەرێمێکـــی فیدرالییە،بونیادنانـــەوەی

> ئەو باڵاخانە بەرزانە هیچ ڕۆحێکی کوردانە یان کوردستانیانە پیشان نادەن، ئەگەر وێنەی ئەو باڵاخانانە بگرین ئایا کێ دەزانێت ئەو باڵاخانانە کوردستانن؟کێ دەزانێت ئەو باڵاخانانە لە هەولێرن

> زۆر سوپاسی پارێزگاری هەولێر دەکەم کە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ پاراستنی ئەو شوێنەوارانە



**بۆچی بایەخ بە پاک و خاوێنی وڵاتی خۆتان نادەن؟**

ژێرخانی ڕێگاوبانەکانی کوردستان و دروستکردنی بینایە هەیە، لەم هەرێمە بونیادیی میدیایەکی گەورە هەیە کە لەسەر ئاستی بینرارو بیسترا و نووسراو هەستی پێدەکرێت، بونیادی ژێرخانێکی کولتووری و ڕۆشنبیری هەیە،پێش ماوەیەك دەزگای بەدرخان ئینسکلۆپیدیای هەولێری چاپکرد، ئەمانە هەمووی هەستی پێدەکرێت و هەن، بێگومان هەنگاوی گەورەتریش هەڵدەگیرێت، بەڵام ئەو هەنگاوە گەورانەی داهاتوو لە هەرێمی کوردستاندا کورد بڕیاری لەسەر دەدات و لە عێراقدا عێراقییەکان.

*** لێرەدا من دەمەوێت پرسیارێکی تایبەتی لەبەڕێزت بکەم، ئێمە هەست دەکەین بەڕێزت زۆر بە پەرۆشانە کار لەسەر شوێنەوار و مێژوو و کولتووری کوردستان دەکەیت، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە وایکردووە بەڕێزت گرنگی بەم بوارە بدەیت؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، هیچ کاتێك ڕابردووی خۆتان لەبیر نەکەن. بۆیە گرنگە ڕابردووی خۆت بزانیت،بۆ ئەوەی بتوانیت باشتر داهاتووی خۆت بونیاد بنێیتەوە، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی ئێوە هەوڵدەدەن ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکانتان بە ژینۆساید بناسرێت؟ بێگومان بۆ ئەوەی بواری زیاترتان پێبدەن ئایندەی خۆتان باشتر بونیاد بنێنەوە،کە ڕابردووی خۆتان ڕێز لێگرت دەزانن ئێوە لە کوێوە هاتوون و بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرن، بۆیە ئەو شوێنەوارە دێرینانەی لە کوردستان هەن، وەك قەڵای هەولێر، ئەو هەموو مزگەوت و کڵێسا کۆنانەی لەکوردستان هەن، هەروەها شوێنەواری هەموو ئەو شارستانیانەی ئێستا لە ژێر زەویدان و دەبێت کنە و پشکنینی لەسەر بکرێت ئەوە هەمووی مێژووی ئێوەیە و پەیوەستە بەئێوەوە، ئەمە سەبارەت بە گرنگی و بایەخدان بە مێژوو و شوێنەوار و کولتوور، سەبارەت بە بایەخدانی من بەم بوارە بێگومان ئەوە بایەخدانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەو بوارە و داوای لەئێمە کردووە هاوکاری بکەین، بۆیە ئێمەش هاوکاری حکومەتی کوردستان دەکەین، ئێستا کۆمەڵێك شوێنەوارناسی بەناوبانگی فەرەنسی هاتوونە کوردستان بۆ ئەوەی بە هاوکاری حکومەت و زانکۆکانی کوردستان کنەو پشکنین بۆ شوێنەوارەکان بکەن و ئەو مێژووە دووبارە بنووسینەوە، لێرەوە ئەگەر ئاماژە بۆ شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان بکەین، من دەزانم تێکدانی شوێنەوارێك و دروستکردنی باڵاخانەی بەرز لە شوێنی ئەو شوێنەوارە بە هاوشێوەی دوبەی ئەمە کارێکی ئاسانە، بەڵام ئەمە باش نییە و دەبێت ئەو شوێنەوارانە بپارێزرێن، ئێستا کۆمەڵێك خانووی زۆر جوان و بازاڕێکی دێرین لە دەوری قەڵا هەیە، ئایا دەکرێت ئەمانە تێکبدرێن و لەشوێنی ئەوان باڵاخانەی بەرز دروست بکەین،لە کاتێکدا ئەو باڵاخانە بەرزانە هیچ ڕۆحێکی کوردانە یان کوردستانیانە پیشان نادەن، ئەگەر وێنەی ئەو باڵاخانانە بگرین ئایا کێ دەزانێت ئەو باڵاخانانە کوردستانن؟کێ دەزانێت ئەو باڵاخانانە هەولێرن، لەوانەیە هەندێك بڵێن ئەوە ئەمریکایە یان تورکیایە، بۆیە پاراستنی شوێنەوارەکان و نۆژەنکردنەوەیان گیانی ڕەسەنایەتی میللەتی ئێوە دەپارێزێت،من بۆ ئەم مەبەستە زۆر سوپاسی پارێزگاری هەولێر دەکەم کە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەر بۆ پاراستنی ئەو شوێنەوارانە، لەگەڵ ئەوەی من دڵنیام جەنابی پارێزگاری هەولێر لەژێر گوشارێکی زۆردایە و خەڵکانێك هەن پارەدارن و دەیانەوێت ئەو شوێنانە تێکبدەن

**فەرەنسا لەڕێگەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە دەیەوێت کار لەسەر بواری پەرەپێدانی گەشتیاری لەکوردستان بکات، بە ئومێدین لەو سەردانەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ فەرەنسا دەیکات، ڕێککەوتنێک بۆ بواری شوێنەوارەکان و پەرەپێدانی گەشتیاری لەکوردستان لەگەڵ فەرەنسییەکان ئیمزابکرێت**



**بۆچی لەجەژنی نەورۆزدا کە دەچن بۆ سەیران، کوردستان دەکەن بە زبڵخانە؟**

و باڵاخانەی بەرزی لێ دروست بکەن، بەڵام جەنابی پارێزگاری هەولێر ڕێگەی لێگرتون.

*** بەپێی ئەو زانیاریانەی ئێمە هەمانە، ئێستا لە کوردستان زیاتر لە ٣٠٠٠ شوێنەوارمان هەیە کە هیچیان کاری کنە و پشکنینی لەسەر نەکراوە، هەروەها سروشتی جوانی کوردستانیش بۆ گەشتیاری لەبارە، پرسیاری من ئەوەیە وڵاتی ئێوە فەرەنسا گەورەترین وڵاتە لە ڕووی گەشتیارییەوە، ئایا چۆن دەتوانن هاوکاریمان بکەن، بۆ ئەوەی شوێنەوارەکانیشمان بینە بەشێك لە گەشتیاری و خەڵك لە سەرانسەری جیهانەوە سەردانی کوردستان بکەن؟**

- ڕاستە فەرەنسا ئەو وڵاتەیە کە ساڵانە پێشوازی لە زۆرترین گەشتیار لەسەرانسەری جیهان دەکات، هەموو ساڵێك زیاتر لە ٨٠ ملیۆن گەشتیار سەردانی پاریس دەکەن، ئەم ڕێژەیە لە ئەمریکا و تورکیا و ئیسپانیاش زیاترە، سەبارەت بە هەوڵەکانی فەرەنساش بۆ هاوکاری هەرێمی کوردستان لەم بوارە ئێمە ئێستا بەنیازین سەنتەرێکی شوێنەوار ناسی و زانستی مرۆیی لە ناوجەرگەی قەڵای هەولێر بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە دۆزینەوەی ئەو ٣٠٠٠ شوێنەوارەی تۆ ئاماژەت پێکرد هاوکاریتان بکەین، بێگومان ئەم کارە بەهاوکاری لەگەڵ شوێنەوار ناسەکانی کوردستان دەکەین، ئەمەش پێویستی زیاتر بەهەوڵی خۆتان هەیە، ئەگەر خۆتان بتانەوێت شەو شوێنەوارانە نەفەوتێن و مێژووی خۆتان بدۆزنەوە، ئەوا هاریکاری دەکرێن، بەڵام ئەگەر خۆتان نەتانەوێت ئەوا شوێنەوارەکان دەفەوتێن وکەس ناتوانێت هاوکاریتان بکات.سەبارەت بە هاوکاری فەرەنساش بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری لەکوردستان، فەرەنسا لەڕێگەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە دەیەوێت کار لەسەر بواری پەرەپێدانی گەشتیاری لەکوردستان بکات، بە ئومێدین لەو سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ فەرەنسا دەیکات، ڕێککەوتنێك بۆ بواری شوێنەوارەکان و پەرەپێدانی گەشتیاری لەکوردستان لەگەڵ فەرەنسییەکان ئیمزابکرێت.

*** ئەی ڕای خۆت سەبارەت بە ئێستای گەشتیاریی لەکوردستان چۆنە؟**

- بەراستی ئەم پرسیارەم زۆر پێخۆش بوو، من دەمویست لە ئێوە بپرسم، بۆچی لەجەژنی نەورۆزدا کە دەچن بۆ سەیران کوردستان دەکەن بە زبڵخانە؟من دەزانم ئێوە خاوەنی ئەو هەرێمە جوانەن بەڵام لە ڕۆژانی سەیران زۆر بێباکانە ئەو وڵاتە پیس دەکەن و بە ئارەزووی خۆتان زبڵ و خاشاك کۆ دەکەنەوە، من لێتان دەپرسم بۆ بایەخ بە پاکوخاوێنی وڵاتی خۆتان نادەن؟ هەروەها حەزدەکەم ئەوەشتان پێبڵێم ئەوە پێوەندی بەحکومەتەوە نییە، حکومەت ناتوانێت ئەو هەموو زبڵ و خاشاکە بلاو بکاتەوە، ئایا ئەوە ڕاستە خەڵك ئەم هەموو بوتڵی ئاوانە لە ئوتومبێلەکانەوە فڕێدەدەن.

*** هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان، جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بەو دیاردەی پیسکردنی سەیرانگاکان تورە دەبێت و بەردەوام ڕێنمایی ئەوە دەدات سەیرانگاکان پاك رابگیرێن**

- جەنابی سەرۆك بارزانی هەقی خۆیەتی تورە بێت، لەبەر ئەوەی بەراستی دیاردەیەکی ناشرینە، دەبێت هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی تاك لەهەموو ئاستەکان، لە میدیا لە قوتابخانەکان و مزگەوتەکان دەست پێبکەن، بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە نەمێنێت.

*** ئێمە دەزانین ساڵی پار حاکمی شاری پاریس بڕیاریدا بەغدای پایتەختی عێراق بکرێتە شاری دەستەخوشکی پاریس، ئێمە لێرەدا دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا چۆن دەکرێت هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانیش بکەینە دەستە خوشکی شارێکی دیکەی فەرەنسا؟ ئایا ئەمە دەکرێت؟**

- بەڵێ دەکرێت، بەڵام دەبێت هەوڵی بۆ بدەن و خۆتان داوا بکەن، دەکرێت شاندێکی هەولێر یان سلێمانی یان دهۆك سەردانی یەکێك لە شارەکانی فەرەنسا بکەن و داوابکەن هەولێر یان سلێمانی یان دهۆك بکرێتە دەستە خوشکی یەکێك لەشارەکانی فەرەنسا، پێش ماوەیەك شاندێکی شاری سلێمانی سەردانی شاری بۆردۆی فەرەنسایان کرد زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکرا، بۆیە ئەگەر بتانەوێت هەولێر بکەنە دەستەخوشکی یەکێك لە شارەکانی فەرەنسا دەبێت هەوڵی بۆ بدەن.

*** وێڕای ئەم هەموو ئامادەباشییەی فەرەنسا کە بەڕێزت پیشانی دەدەیت،بەڵام ئێمە هەست دەکەین کۆمپانیا و بزنسمانەکانی فەرەنسا بونیان لەکوردستان کەمە بە تایبەتی لەبواری گەشتیاری، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هۆکارەکەی ئەوەیە سیاسەیەتێکی گەشتیاری پێناسەکراو لە کوردستاندا نییە، ماوەیەك لەمەوبەر لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی ئەوەمان کرد کە پێویستە ماستەر پلانێکی گەشتیاری بۆ کوردستان دابرێژرێت،وەك دەزانن گەشتیاری تەنیا مانای ئەوەنییە لێرە هۆتیلێك و لە شوێنێکی دیکە هۆتیلێکی دیکە دروست بکرێت، کاتێك پلان بۆ گەشتیاری دادەنرێت دەبێت هەموو لایەن و تایبەتمەندییەکانی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت، ئێستا ئێمە ئەگەر سەیری کوردستان بکەین دەبینین شاخمان هەیە دەشتمان هەیە، ڕووبارمان هەیە، شوێنەوارێکی زۆر هەیە، چوار وەرزی ساڵمان هەیە، ئەوا دەبێت کاتێك پلان بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری دادەرێژین دەبێت ئەم لایەنانە هەمووی لە خۆی بگرێت، هەروەها دەبێت ئەو ناوچانە لەسەر ماستەر پلانەکە دیاری بکەین کە دەمانەوێت بیکەینە شوێنی گەشتیاری،من پێش هەفتەیەك سەردانی هاوینەواری بێخاڵ و ڕەواندزم کرد، بەراستی بێتاقەت بووم، کە هەندێك شتم بینی دروستکراون و سیمای کوردستانی شاردۆتەوە، کۆمەڵێك خانوو بینی بە ڕەنگی هەمەجۆر دروستکرابوون،کە نازانین ئەوە

**لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی ئەوەمان کرد کە پێویستە ماستەر پلانێکی گەشتیاری بۆ کوردستان دابڕێژرێت**

شوێنە کوردستانە یان نە، بۆیە نابێت پەرەپێدانی گەشتیاری بەشیوەیەکی هەرەمەکی بێت، دەبێت پلان هەبێت بۆ ئەم بوارە گرنگە.

*** ئایا دەکرێت ئەمە پاساو بێت بۆ کەمی کۆمپانیاکانی فەرەنسا لەهەولێر،ئایا دەتوانیت چەند کارێکی فەرەنسامان بۆ بکەیت لەهەرێمی کوردستان؟**


- سەبارەت بە کەمی کۆمپانیا و بزنسمانەکانمان لەهەولێر، بەراستی نازانین چۆن تەندەرەکان وەردەگیرێن.

*** ئایا کۆمپانیاکانتان لەهەولێر نووسینگەیان کردۆتەوە؟**

- ئێستا واخەریکە دەست پێدەکەین، بەڵام سەبارەت بەهەندێك کاری دیکە کە بازرگانی نین، دەتوانم ئاماژە بەهەندێکیان بکەم، لەوانە ئێستا ١٣٧ مامۆستای زانکۆکانی کوردستان لە زانکۆکانی فەرەنسا سەرقاڵی خوێندنی باڵان، ٤٣ قوتابی بروانامەی ماستەر یان لە بواری بزنس لە زانکۆکانی فەرەنسا وەرگرتووە، هەروەها زانکۆی فەرەنسی لوبنانی لە هەولێر هەیە و پێوەندی بە زانکۆکانی فەرەنساوە هەیە، لە بواری بازرگانیش کۆمپانیای لامپا خەریکی دروستکردنی کارگەیەکی چیمەنتۆیە کە ٪٥٠ی پێداویستی چیمەنتۆی عێراق دابین دەکات، لەداهاتوویەکی نزیکدا کۆمپانیای کارفور دێتە کوردستان کە یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی فەرەنسا گەورەترین لقی سۆپەرمارکێتی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە.

*** ئێمە پرسیارەکانمان تەواو بوون، لە دوماهیدا دەمانەوێت پێت بڵێین ئەوەیە، ئەگەر بەڕێزت شتێکت مابێت و ئێمە پرسیارمان لێنەکردبێت، دەتوانی بە خوێنەرانی ئێمەی رابگەیەنیت؟**

- زۆر خۆشحاڵم کە لە کوردستانم، هەروەها زۆر خۆشحاڵم کە بەڕێز سارکۆزی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بە فەرمی داوەتی سەرۆك بارزانی کردووە سەردانی فەرەنسا بکات، زۆریش خۆشحاڵم کە سەرۆك بارزانی داوەتەکەی سەرۆك سارکۆزی بۆ سەردانی فەرەنسای قبوڵکردووە.



ئێستا ١٣٧ مامۆستای زانکۆکانی کوردستان لە زانکۆکانی فەرەنسا سەرقاڵی خوێندنی باڵان

کۆمپانیای کارفور دێتە کوردستان کە یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی فەرەنسا گەورەترین لقی سۆپەر مارکێتی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە

## بۆچوونێک لەسەر ڕێکخستنی پێوەندی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکاندا

# فیدراڵییەتی عێراق وەک نموونە



دکتور شێرزاد نەجار

لە دەسپێکەوە ئەو پرسیارەی دەوروژێت ئەوەیە: ئایا پێوەندی نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمە فیدرالییەکان سروشتێکی سیاسیی هەیە یان دەستووری؟

لە ڕاستیدا ئەو پێوەندییە سروشتێکی دوولایەنەی هەیە واتە هەم دەستووریی و هەمیش سیاسیی، بێگومان سیاسییە لەبەر ئەوەی پێوەنداره بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ( دوو بەدوویی لەدەسەڵاتی سیاسیدا )، هەروەها دەستووریشە لەبەر ئەوەی ئەم دابەشکردنە لە دەستووردا ڕێکدەخرێت لەمیانەی دەقە دەستوورییە دیاریکراوەکانەوە( هەر بۆنموونە : یاسای بنەڕەتی ئەڵمانیا (دەستوور) کە لە ساڵی ١٩٤٩ دەرچووە، ئەم پێوەندییەی لە فەسڵی دووەم لە مادەکانی ٢٠-٣٧ ڕێکخستووە، دەستووری سویسریش لە ساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە، لە بەشی سێیەم لە ماددەکانی٤٢-١٣٥ ڕێکخستووە، دەستووری عێراقیش کە لەساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە، ئەم پێوەندییەی لە مادەکانی ١٠٩-١١٥ ڕێکخستووە)، بەڵام کاتێك ئەم حاڵەتە دەگوازینەوە بۆ عێراق دیسان پرسیار ئەوەیە : ئایا ئەو جۆرەپێوەندییە سروشتێکی دووانەیی هەیە( سیاسیی و دەستووری )؟ کاتێك شرۆڤەی باردۆخی عێراق دەکەین دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو جۆرەپێوەندییە سروشتێکی دووانەیی هەیە، لەبەر ئەوەی کێشەی سیاسیی هەیە و لەهەمانکاتدا کێشەی دەستووریش هەیە، ئەم کێشانەش هاوکات لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵاوییان هەیە.بەمجۆرە:

کێشە سیاسیەکان:

دوای ٢٠٠٣/٤/٩ عێراق وەك (دەوڵەت) هەروەها وەك ( کۆمەڵگە )ش ڕووبەڕووی کێشەی بونیادنەوەی توند بووەوە، ئەمەش بریتی بوو لە بونیادنانەوەی هەیکەلی دەوڵەت دوای لەبەر یەکهەڵوەشانی، هەروەها بونیادی بەهای کۆمەڵایەتی تازە کە لەگەڵ ئەوقۆناخە تازەیە بگونجێت کە عێراقی پیا تێدەپەڕی، بەڵام دەرکەوت عێراق نەیتوانی سیستمێکی تازەی بەهێز بونیاد بنێت بۆ ئەوەی جێگەی بنەماکانی سیستمە کۆنەکە بگرێتەوە، بنەمای سیستمە تازەکە بچەسپێنێت، بۆیە نیزامی عێراقی کەوتە ناو کۆمەڵێك تەنگژەی قورس، وەك تەنگژەی ناسەقامگیری سیاسیی و شەرعییەت و ئەوانی دیکە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزی داگیرکار (بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ) هەوڵیدا بەرێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن چارەسەری باردۆخەکە بکات و دەروازەیەك بۆ کێشەکانی عێراق بکاتەوە، بەڵام دوای ٢٠١٠/٣/٧ قۆناخێکی زۆر (ترسناك) لە بەرەوپێشەوەچوونەکانی سیاسی لە عێراقدا هاتە ئاراوە کە خۆی لەم دووحاڵەتە دەبینێتەوە:

یەکەم: دۆزینەوەی بڕو بیانوو لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئاکامەکەی.

دووەم : دۆزینەوەی بڕوبیانوو لەسەر دەستوور و تەفسیرکردن بەجۆرێك کە پێچەوانەی ڕۆحی دەستوورە.

ئەمەش بۆتە هۆکاری ئاڵۆزکاری لە پرۆسەی سیاسیدا و بە تەئکیدیش کاریگەری لەسەرداهاتووی عێراق دەبێت وەك دەوڵەت و وەك کۆمەڵگەش.

بێگومان ئەمە دیاردەیەکی ترسناکە کاتێك ئاکامی دەنگدان قبوڵ نەکرێت و هەوڵ بۆ ئەوەبدرێت ڕەتبکرێتەوە و بەتاڵ بکرێتەوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆسە سیاسییەکە نەمێنێت،سەرەنجامیش ببێتە هۆکاری فەشەلهێنان و گەڕانەوە بۆ تەوافوقاتی سیاسی بەرتەسك، لە پێناوی پاوانکردنی دەسەڵات و دەسپێکی دەرکەوتنی جۆرێکی تازە لە سیستمی ئەسۆریتاریانیزم کە پرۆفیسۆر هۆلی (Holly) بە پانخوازی نەرم (Soft Authoritarianism) ناوی بردووە.ئەمەش بادانەوەیەکی ترسناکە لەسەر دیموکراتی و کەوا ڕاگەیانراوە دیموکراتی ئامانجی ئاماژەپێکراوە بۆ سیستمی تازەی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڵام ریچارد هاس( Hass) کە یەکێکە بووە لە ستافی پلاندەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی سەرۆك بوش لە یەکێك


ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هێزی داگیرکار (بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی) هەوڵیدا بەرێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن چارەسەری باردۆخەکە بکات و دەروازەیەک بۆ کێشەکانی عێراق بکاتەوە

لە توێژینەوەکانی ئەم دواییەدا دەڵێت : دیموکراتی عێراق دیموکراتییەتێکی لەرزۆك نییە بەڵکو نموونەی دیموکراتییەتێکی فاشیلە.

کەواتە ئەو کێشە ترسناکەی لە عێراقدا بەدیار کەتووە کێشەی ( لە ریشەوە هەڵکێشانی ئاکامی هەڵبژاردنەکانە) و سەرەتایە بۆ دەسپێکی دەسەڵاتێکی پاوانخوازی نەرم وەك شێوازێکی تازەو داهێنراو بۆ گێرانەوەی دیکتاتۆری، ئەمەش کاریگەری لەسەر سەقامگیری دامەزراوەکان دەبێت سەرەنجامیش کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەمەش لەو لایەنەوە کە ئەو کێشە هەڵواسراوانەی نێوانیان چارەسەر ناکرێت، ئەگەر حکومەتێکی بەهێز کە توانای هەبێت بڕیاری یەکلاکەرەوە دەربکات، ئەم توانایەش لە حکومەتی ئێستای عێراقدا بەسەرۆکایەتی مالکی بوونی نییە، لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتە شەرعیەتی نییە بەوجۆرەی پشت بەرای گەل ببەستێت کە لە هەڵبژاردنەکانی ٣/٧ رای خۆی دەربڕی و لەبەرژەوەندی مالیکی نەبوو.

بەمجۆرە خەڵکی عێراق بەسەر ئاراستە سیاسییە هاودژەکاندا دابەش دەبەن کە لەوانەیە ببێتە هۆکاری ئەوەی وڵاتەکەیان بدۆڕێنن.

کەواتە لێرەدا دەتوانین کێشە سەرەکییەکانی ئێستای عێراق بەم خاڵانە دەستنیشان بکەین:

١- دەرکەوتنی سەرو سیمای دیکتاتۆری کە خۆی لە دەسەڵاتی پاوانخوازی نەرمدا پیشاندەدا.

٢- ناسەقامگیری سیاسیی.

٣- بادانەوە لەسەر ئاکامەکانی دەنگدان کە لەوانەیە ببێتە هۆکاری فەشەلهێنانی پرۆسەی دیموکراتی.

٤- دەستوور هیچ کاریگەرییەکی نییە.

٥- بە سیاسیکردنی دادوەری ( بە تایبەتیش دادگای باڵای فیدرالی سەبارەت بە تەفسیرکردنی دەستوور)

ئەم باردۆخە بێ هیچ گومانێك کاریگەری دەبێت لەسەر پێوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا،وادەکات وتوێژەکانی ئایندە لە نێوانیدا ئاڵۆز و قورس بێت.

کێشە دەستوورییەکان:

لێرەدا جەخت لەسەر راستییەکی گرنگ دەکەینەوە لەسەر چۆنییەتی پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەو راستییەش ئەوەیە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم دەوڵەتە بەرێگەی کۆنگرەی دەستووری پێکهاتوون، هەر بۆنموونە: ( ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆنگرەی فیلادلفیا ١٧٨٧ ) ئەم جۆرە کۆنگرانە دەتوان کێشە فیدرالییەکان چارەسەر بکات ( دەستووری کەندا ساڵی ١٩٨٢ مادەی ٣٧).هەربۆیە کەموکورتی گەوهەری لە پێکهێنانی فیدرالی بۆ عێراق، ئەوەیە کە ئەو فیدرالییە بەرێگەی کۆنگرەی دەستووری پێکنەهاتووە،وتوێژ لەسەر کێشەکانی فیدرالی نەکراوو بنەمای جێگیر بۆ چارەسەرکردنی دانەنراوە، هەروەها چارەسەر بۆ کێشە مەزندەکراوەکانی ئاییندەش دانەنراوە، هەربۆیە فیدرالییەتی عێراق لەگەڵ پێکهێنانی تۆوی هاودژی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، بۆتە حاڵەتێکی پەرشوبڵاو.

لەم چوارچێوەیەدا لەساڵی ٢٠٠٥ دەستووری عێراق دارێژراوە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك کێشەی شاراوەی هەڵگرتووە، کە مەزندە دەکرێت لەهەرکاتێکدا ئەو کێشە شاراوانە بتەقنەوە،هەروەها چەندین بابەتی تێدایە کە وتوێژ و تەفسیری هاودژی لە خۆی دەگرن وەك: مەسەلەی پێوەندی نێوان حکومەتی فیدرالی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەندێك لەو کێشانەی لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین ئەمانەن:

+ دروستنەکردنی ئەنجوومەنی فیدرالی بەپێی مادەی ٦٥ی دەستوور، ئەم ئەنجوومەنە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هەرێمە فیدرالییەکان دەکات و مافەکانیان دەپارێزێت.

+ جێبەجێنەکردنی ئەحکامەکانی مادەی ١٤٠

+ کێشەکانی پێوەندار بە کۆنتراکتەکانی نەوت و دەسەڵاتی هەرێمەکان لەمبارەوە.

+بودجەی تایبەت بەهێزی پێشمەرگە وەك بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی عێراق.

کەواتە پێویستمان بە گریدانی وتویژ و راوێژکردن و دانوستاندن هەیە سەبارەت بەخاڵە سەرەکیەکان و خاڵەکانی دیکەش،بەڵام ئاشکراشە کە چوونە ناو دانوستاندن پێویستی بە پێگەی بەهێز هەیە، بۆیە لێرەدا رووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: ئایا پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم وتوێژانەدا بەهێزە؟بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە چاوێك بخشێنینەوە بە باردۆخی سیاسی و ئابووری و کارگێریدا . بەڵام باردۆخی هەرێم ئاماژە بەهەندێك مەسەلە دەکات بێ گومان کاریگەری لەسەر ئەو پێگەیە دەبێت لەوتوێژەکاندا، لەوانە:

+ لاوازی کەناڵەکانی پێوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان و هەستنەکردنیان بە چالاکی دامەزراوەکانی حکومەت.

+ لاوازی ئەدای دامەزراوە حکومیەکان بە تایبەتی لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری، خوێندن، تەندروستی،

+ وەرنەگرتنی ئەو بۆچوونانەی ئۆپۆزسیۆن دەیخاتە روو لە دارشتنی سیاسەتی گشتی هەرێمدا.

+ چارەسەرنەکردنی دیاردە جۆراوجۆرەکانی گەندەڵی، کە ئێستا سێبەری ئەم دیاردەیە زۆر بەهێز لەسەر ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێم دیارە.

+ چارەسەرنەکردنی سەرپێچی یاسایی و لاواز بوونی پرانسیپی سەروەریی یاسا.

لێرەوە بەرپرسیایەتێکی گەورە و پێویست دێتە پێشێ بۆ چارەسەکردنی ئەو مەسەلانە بۆ ئەوەی پشگیری و لایەنگیری هاوڵاتیان بەدەست بهێنین( بەپێی بۆچوونی پرۆفیسۆر سیاسیی بەناوبانگ ئیستین Easton)ئەو پشتگیریەی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی گەوهەری لەبەهێزکردنی رێژەی بەشداری و کاریگەری هاووڵاتیان لە پرۆسە سیاسیەکەدا رەنگدەداتەوە.

تەنانەت لەم چوارچێوەیەدا دەبێت کاریگەری باردۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر پێشەوەچوونەکانی سیاسیی و تا دەستووریش لەعێراقدا پشتگوێ نەخرێن،سەبارەت بە رەتکردنەوە یان رازیبوون بۆ دانانی چارەسەرێکی واقیعانە بۆ سەقامگیری لە عێراقدا، لێرەدا دیسان کاریگەری هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبێت بۆ چۆنیەتی رێکخستنەوەی پێوەندی نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم.

بەمجۆرە ئەم باردۆخە هەستیار و گرنگە پێویستی بەوەیە هەرێم خۆی ئامادەبکات و بە بەهێزی بچێتە ناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی واقیعی و دەستووریانە بۆ کێشە هەڵواسراوەکان. ئەم باردۆخە وادەکات کە پێویست بێت پشت بەو دیراسات وتوێژینەوانە ببەسترێت کە لەلایەن ناوەندەکانی دیراسات و توێژینەوە پێشکەش دەکرێن( یان ناوەندەکانی فیکر Think Thanks) بۆ دانانی بەرنامەیەکی تەندروست بۆ وتووێژەکان، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دبلۆماتیانە و فیکریکی پتەو و سیاسیەتێکی راشکاوانەو و لێهاتووانەوە بچینە ناو وتوێژەکان کە دەبێتە هۆکاری پاراستنی دەسکەوتەکان و چاودێری کردنی ئاسۆکانی داهاتوو، هەموو رێگەچارەکان بخەنە بەردەستی هەمووان.

**دیموکراتی عێراق دیموکراتییەتێکی لەرزۆک نییە بەڵکو نموونەی دیموکراتییەتێکی فاشیلە**

**لەساڵی ٢٠٠٥ دەستووری عێراق داڕێژراوە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک کێشەی شاراوەی هەڵگرتووە، کە مەزندە دەکرێت لەهەرکاتێکدا ئەو کێشە شاراوانە بتەقنەوە**

**ئەم باردۆخە هەستیار و گرنگە پێویستی بەوەیە هەرێم خۆی ئامادەبکات و بە بەهێزی بچێتە ناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی واقیعی و دەستووریانە بۆ کێشە هەڵواسراوەکان**



# خەریکە پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا رووبەڕووی قەیران دەبێتەوە

یەکلایی نەبوونەوەی ئاکامەکانی دەنگدان و رانەگەیاندنی ئاکامی فەرمیی هەڵبژاردنەکان دوای هەشت هەفتە و دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان، ئەو هۆکارانەن کە هەست دەکرێت پرۆسەی سیاسی عێراق رووبەڕووی قەیرانێکی سەخت دەبێتەوە، د.ئەیاد عەلاوی کە سەرۆکی لیستی ئەلعراقیەیە هەفتەی رابردوو لە میسرەوە بانگەشەی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی و دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکان دەکرد، بێگومان بانگەشە کردن بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ ناسەقامگیری سیاسیی و نیشانەی ئەوەیە کە پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق رووبەڕووی دەرگا داخراوەکان دەبێتەوە، هەروەها د.نوری مالکیش زۆر بەتوندی وەڵامی ئەم بانگەشەیەی د.عەلاوی دایەوەو ئەم بانگەشەیەی بەجۆرێك لە هەست نەکرد بە بەرپرسیاریەتی لەقەڵەمدا، هەموو ئەم کاردانەوانە لە کاتێکدا روودەن کە هێشتا ئاکامی دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی بەغدا ئاشکرا نین، بۆیە ئەگەر ئاکامی دەنگدانەکە بەجۆرێك بشکێتەوە کە پارسەنگی لیستی دەوڵەتی یاسا بخاتە سەروو لیستی ئەلعراقیەوە، مەزندە دەکرێت کاردانەوەی توندتری بەدوادا بێت، ئەمە بێجگە لەوەی ئەگەر هەژمارکردنەوەی دەنگەکان ئاکامێکی جیاوازی دروستکرد، ئەوا لەم حاڵەتەدا مسداقیەتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش دەکەوێتە ژێر پرسیار و ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئایا دەکرێت ئاکامەکانی هەڵبژاردن وەك ئاکامی راستەقینە سەیر بکرێن و ئەو حکومەتەی لەسەر بنەمای ئاکامی ئەو دەنگدانە پێکدەهێنرێت، تاچەند شەرعیەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە؟ ئەمانە هەمووی ئەو ئەگەرانەن کە مەترسی لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق دروست دەکەن و بۆشاییەك دروست دەکەن کە هێندەی دیکە بوار بۆ تیرۆریستان بڕەخسێت رەوشی ئاسایشی بەغدا و شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بشێوێنن، بێگومان ئاڵۆزبوونەوەی باری ئاسایشی بەغدا بەشێوەیەکی تایبەتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانرێت بە شێوەیەی ئاسایی پرۆسەی وتووێژەکان و پێکهێنانی هاوپەیمانی دروست ببێت، ئەمەش جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسی عێراق دەباتەوە بارێکی ئەوتۆ کە زۆرجار لە سیاسەتدا بە گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم پێناسە دەکرێت، مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ کە ئەویش ئایندەی عێراق رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی دەکاتەوەو ئەو ئەگەرەیە کە زەحمەتە د.مالکی بە ئاسانی پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات پیادەبکات، بە تایبەتی ئەگەر هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراق یەکبگرن، ئەوا زۆر زەحمەتە چانسی د.مالکی بەو ئاستە بێت کە ببێتە کاندیدی هەردوو لیستەکە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، ئەگەر یەکیش نەگرن و ئاکامی دەنگدانەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەوا دیسان د.مالکی زەحمەتە رازی بێت پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ د.ئەیاد عەلاوی بەجێبهێڵێت، ئەگەر ئاکامی هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی بەغداش لیستی دەوڵەتی یاسا دیسان بکات بەلیستی یەکەم، ئەوا دیسان ئەگەری ئەوە هەیە کە لیستی ئەلعراقیە لە پرۆسەکە بکشێتەوە، بۆیە لەو ئەگەرانەی کە چاوەڕێی پرۆسەی سیاسی عێراق دەکەن، هەموویان کۆمەڵێك هەڕەشە و مەترسیان لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتووە.



**فالح فەیاز ئەندامی تەیاری ئیسلاحە کە د.ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکایەتی دەکات و بەشێکی گرنگی لیستی هاوپەندی نیشتمانی عێراقن، هەروەها یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کە وەك نوێنەری هاوپەندی نیشتمانی عێراق بەشدارن لە وتووێژەکان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی و پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق، سەبارەت بەو رەوشە خراپەی ئەمڕۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق پێیدا تێدەپەڕێت و ئەو ئاستەنگانەی هاتوونە بەردەم پرۆسە سیاسییەکە بەرێز فالح فەیاز بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## فالح فەیاز ئەندامی تەیاری ئیسلاح بۆ گوڵان:

# تەنیا هەوڵدان بۆ جێبەجێکردن و پابەندبوون بە دەستوورەوە عێراق لەم تەنگژەیە رزگار دەکات

**پێویستە ئالییەتێک بدۆزرێتەوە کە هەر چوار کوتلەکان لەسەری رێک بکەون یاخود کەمترین شت سیانیان رازی بن لەسەری**

**بەهیچ شێوەیەک باوەڕناکەم بەبێ پێکهاتەی سوننە حکوومەتی عێراقی پێکبهێنرێت**

*** بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق بەشێوەیەکی گشتی بە قۆناغێکی ناسکدا تێدەپەڕێت، کە کاریگەریی نێگەتیڤانەی هەیەو مایەی هەڕەشەیە لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق، ئایا تا چەند پرۆسەی سیاسی لە عێراق رزگاردەکرێت؟**

- بەرای من، پرۆسەی سیاسی ئەمانەتێکە لەسەر شانی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق و سەرۆکی هەر چوارکوتلە سەرەکییەکەیە. بۆیە ئەگەر هات و رەفتارەکان بە هۆشیاری و وریایی و بەشێوەیەکی بەرپرسانە نەبوو ئەوە شتێکی زۆر پیرۆز و بە بەها بەفیڕۆدەدەین کە پەیوەستە بە ئایندەی عێراق، ئایندەی عێراق و ناسنامەی داهاتووی.

هەر بۆیە هیوادارم سەرکردە سیاسییەکان جەخت بکەنە سەر ئەرکەکانیان و ئەنجامی بدەن و وازبێنن لە چەندین مەسەلەی تر کە زیاتر بە ئالییەتێک دادەنرێت بۆ ناکۆکی و ململانێ لە نێوان هێزە سیاسییەکان نەك ئالییەتێکی کارا بۆ بونیاتنانی وڵاتێك.

*** دکتۆر (ئەیاد عەلاوی) داوا دەکات حکومەتی کاتی پێکبهێنرێت لەگەڵ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان، ئایا راتان چییە بەرامبەر ئەو داواکارییەو تا چەند بە داواکارییەکی پراکتیکانە دەژمێردرێت؟**

- لەراستیدا، بارودۆخی دەستوری بەرەو ئاراستەیەك رۆیشتووە بەشێوەیەك کە لە دارشتنی هەڵاوێردو تێپەڕییەو ئێستاش بارودۆخەکە پەیوەستە بە دەستپێوەردانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی. بەرای من هیچ کەسێکی ئاقڵ ئەو قسانە بەشێوەیەکی جیددی باس ناکات. لەوانەیە (دکتۆر عەلاوی) ئەو قسانەی کردبێت تەنیا بۆ مەبەستی



فشارخستنە سەر لیستەکانی دیکە یاخود بۆ ترساندنیان و سەپاندنی هەلومەرج لە سەریان. من ئەو داواکارییەی (دکتۆر عەلاوی) بە داواکارییەکی جیددی دانانێم و هەڵبژاردنەکەش ئەنجامدراوەو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی و تەنانەت لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی ئاسایش و چاودێرەکانیشەوە قبوڵکراوە، بۆیە پێویستە ئەو دەسکەوتە بپارێزین و نەیشێوێنین، تەنانەت ئەو ناکۆکییەش لەنێوان هەردوو لیستەی (العراقیە)و (دولە القانون) سەبارەت بە ژمارەی کورسییەکان گرنگ نییەو بەهیچ شێوەیەك کاریگەریی نییە لە پێکهێنانی حکومەت.

بۆیە پێویستە ئالییەتێك بدۆزرێتەوە کە هەر چوار کوتلەکان لەسەری رێك بکەون یاخود کەمترین شت سیانیان رازی بن لەسەری، ئەم کارەش ئەو لایەنانە ناگرێتەوە کە ٢ یان ٣ کورسییان بەدەست هێناوە، کەمتر یان زیاتر. هەموو کێشەکە تەنها بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانە، کە لە چەند بازنەو کەرەستەیەکی جیاوازدا دەخولێتەوە، هاووڵاتییە عێراقییەکانیش بە سەرسوڕمانییەوە لەو بارودۆخەدا دەڕوانن کە شەڕ هەیە لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیران و بەداخەوە هەست دەکەن هەوڵەکانیان بەفیڕۆ چووە کە بەشدارییان لەو هەڵبژاردنە کردووە. ئێمە پێویستە زیاتر بەرەو ئاراستەی پێکهێنانی حکومەت بڕۆین و واز لەو رێگاچارانە بێنین کە بەرای من هیچ سوودێکی نییە، تەنانەت کات بەفیڕۆدان لە دووبارە هەژماردنی دەنگەکانیش هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نابێت. بەرای من ئەو جۆرە داواکارییانە باوەڕو متمانەیی جەماوەرو هاووڵاتیی عێراقی لاواز دەکات بە هەموو هێزە سیاسییەکان لە عێراق.

*** لەوانەیە دووبارە هەژماردنی دەنگەکان ببێت بە مایەی گۆڕینی ئەنجامەکان، بەرای تۆ تا چەند دووبارە هەژماردنی دەنگەکان مەترسی دروست دەکات؟**

- هیچ گرفتێك لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن درووست نابێت، لەبەرئەوەی پێش وەختە گرفت روویداوە. ئێمە لەگەڵ هەموو کوتلە سیاسییەکان دانیشتووین و قسەمان کردووەو هەموو لایەك لەو راستییە تێدەگات کە زیادبوونی یان کەمبوونەوەی ٤ یان ٥ یان ٨ کورسی هیچ گرنگییەکی نییەو هیچ گۆڕانکارییەك درووست ناکات. بۆ نموونە ئەگەر قەبارەی کوتلەی کوردستانی هەرچەندیش بێت ئەوە پرۆسەی سیاسی بەبێ بوونی کوتلەی کوردی لە پەرلەمان هەرگیز بەڕێوەناچێت. هەربۆیە، ئەگەر ژمارەی کورسی کوتلەکان هەرچەندیش بێت، گەر ٢٠ کورسی بێ یان ٤٠ یان ٥٠ ئەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت. پرۆسەی سیاسی لە عێراق پێویستیی بە

ڕێککەوتن هەیە. لیستی (العراقیە) بریتییە لە پێکهاتەی سوننەکان لە عێراق، بەهیچ شێوەیەك باوەڕناکەم بەبێ پێکهاتەی سوننە حکوومەتی عێراقی پێکبهێنرێت.

*** هەرچەند ئەم بارودۆخە درێژبکێشێت، بۆشایی سیاسی و حکوومی ئەوەندە زیاتر درووست دەبێت. تا چەند مەترسی هەیە عێراق بەرەو ئاراستەی گێلەشێواوی و ناسەقامگیری بڕوات؟**

- بێگومان مەترسییەکانی یەکجار زۆرو مەترسیدارە، ئایندەو گوزەرانی و باری ئابووری و سیاسی و وڵاتمان و ئاسایش و ژیانمان دەکەوێتە بارێکی گێلەشێواو،هەندێ لایەن ئەو شتەیان دەوێ بەڵام بەڕای ئێمە پێویستە کوتلە سیاسییەکان، بەتایبەتی (هاوپەیمانی کوردستان) و لیستی ئەلعراقییە کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو ڕێگە نەدەن بارەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت و ئەو ململانێیە نەمێنێت بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، ئەم بارە زۆر مەترسیدارەو پێویستە بەرژەوەندی باڵا ڕەچاوبکرێت، هەر بۆیە پڕۆسەی سیاسی و بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیی عێراقی لە هەموو شتێك و هەموو کەسایەتییەك پیرۆزترو باڵاترە ئەگەر هەرکەسیش بێت. هەر بۆیە، ناکرێ وڵاتمان بکەین بە قوربانی بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی کەسی و تاکڕەویی.

*** کورد هەمیشە ڕۆڵێکی چارەسەری هەبووە لە پڕۆسەی سیاسی لە عێراق، ئایا تا چەند کورد دەتوانێت ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت لە پڕۆسەی سیاسی لە عێراق؟**

- لە ڕاستیدا برا کوردەکان توانایان هەیە بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی بەرچاو لە پڕۆسەی سیاسی لە عێراق، ئەویش لەڕێگای هەندێ لە کەسایەتییەکان وەکو بەڕێز سەرۆك کۆمارو بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم. بەڕای من پێویستە کوتلەی کوردی ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە هەوڵ و کۆشش و کارکردن بۆ چارەسەرکردن و مەبەستەکانی چاکسازی هاوشان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تر، ئێمەیش لە ئیئتیلافی وەتەنی عێراقی، هاوپەیمانی کوردستان بە یەکێك لەو هێزانە دادەنێین کە زۆر نزیکن لێمان و ئێمە لەوە دڵنیاین کە بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵیان و ئەنجامدانی (پڕۆژەی تەوافوقی نشتیمانی) کارێکی گرنگەو پێویستە ئەنجام بدرێت، ئەو کارەش بەبێ هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتن ئەنجام نادرێت. لەهەمان کاتدا ئێمە بڕوامان وایە کە کوتلەکەمان و براکانمان لە هاوپەیمانی کوردستانی زۆرترین کەسین کە هەڵگری ئەرکی مێژوویی و بەرپرسیارێتی مێژوویی بووینە لە بونیاتنانی عێراقی مۆدێرن. هەر بۆیە ناکرێ ڕێگابدەین ئەو ئەزموونە ببێت بە قوربانی بۆ بەرژەوەندیی کەسی و ئامرازێك بۆ ئامانجی کەسانێك، بەڵکو خزمەتکردن و بونیاتنانی عێراقی ئیتیحادی و فیدراڵی بکەین بە ئامانجێکی سەرەکی بۆ هەموومان.

*** کورد هەمیشە ئامادەیە دانوستان و کار لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی عێراق بکات، بەڵام مەرجی سەرەکیی بریتییە لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان. ئایا تا چەند هێزە سیاسییەکانی تر وەڵامدانەوەیان دەبێت بۆ مەرجەکانی کورد؟**

- لەمیانی ئامادەبوونم وەك نوێنەری (ئیئتیلافی وەتەنی عێراقی) لە چاوپێکەوتنەکانی دانوستاندن، کە بریتی بوو لە چەندین چاوپێکەوتن و دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە کوردەکان، هەستم کرد برا کوردەکانمان لە هاوپەیمانی کوردستان زۆر پۆزەتیڤن و لەم قۆناغەدا هیچ گرفتێك ڕوونادات، پێشبینیش دەکرێت لە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکوومەت مەرجەکانیان دەرببڕن. لەوەش دڵنیام کە بەشێوەیەکی بونیاتنەرانە هاوکاردەبن لە سەرکەوتنی پڕۆسەی سیاسی. بەڕای من هەوڵدان بۆ پاراستن و جێبەجێکردن و پابەندبوون بە دەستوور تاکە ئامانجەو ڕزگارکەری پڕۆسەی سیاسییە لە عێراق، پێویستە هەوڵ هەبێت بۆ قەناعەتپێهێنانی لایەنەکانی تر یان چاوپۆشین لە چەند مەسەلەیەك، لەبەرئەوەی لە کۆتاییدا تەنها دەستوور دادوەرە لەنێوان لایەنەکانی پڕۆسەی سیاسی.

*** هەست دەکرێت ئەمڕۆ خەریکە وڵاتانی ئیقلیمی دەستێوەردان لە کاروبارەکانی ناوخۆیی عێراق بکەن. ئایا تا چەند مەترسی هەیە لە دەستێوەردانی دەرەکی؟**

- سەبارەت بە دەستێوەردانی دەرەکی نەك تەنها خەریکە هەبێت بەڵکو پێشوەختە ڕوویداوە، عێراق گۆڕەپانێکی کراوەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هێزەو قەوارە سیاسییەکانی عێراق یەکگرتوو نین، جگە لە هەبوونی کێشەی تایفەگەری لە عێراق، کێشەی سوننییەت و شیعییەت، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵگەو پێکهاتەی سیاسی عێراقی، کە بووە مایەی درووستبوونی چەندین کێشە لە پێشمان، هەروەها کاریگەریی هەبووە لەسەر بڕیارە سیاسییەکان، تەنانەت کاریگەریشی هەبووە لەسەر پێکهێنانی ئیئتیلافەکان و کوتلەکانی پەرلەمان. بۆیە بەڕای من تاکە ڕێگاچارە تەنها یەکگرتنە، وەك عەرەب و وەك کورد، وەك سوننەو شیعە، بۆئەوەی ڕێبگرین لە دەستێوەردانی دەرەکی و تەنها جەخت بکەینە سەر بەرژەوەندیی هاوبەش.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە، ئایا ڕای ئێوە چییە بەرامبەر پڕۆسەی دیموکراسیی ئەمڕۆ لە عێراق و مەترسییەکان چین لە پێش ئەم ئەزموونە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێ پڕۆسەی دیموکراسی بە بارێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، لەهەمان کاتیشدا گەشبینم. پڕۆسەی دیموکراسی لەژێر تاقیکردنەوەیەکی زۆر زەحمەتە، تاقیکردنەوەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەگەڵ چۆنیەتی پەڕینەوەی سەرکردەی سیاسی و سەرۆکی کوتلەکان لەم پردەدا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانەو بە هەستێکی دیموکراسییانە. بەڵام ئێمە تەحەددایەکی گەورەتر لە پێشمانە کە ئەویش دەستێوەردانی دەرەکییە، بەداخەوە زۆربەی وڵاتانی ئیقلیمی لەدژی دیموکراسییەتن، بەشێوەیەك کە دەیانەوێ ئەم پڕۆسەیە بڕووخێنن بۆئەوەی لە وڵاتەکانیان دەنگ و داواکاری سەرهەڵنەدات و کێشەو گرفت ڕوونەدات، تەنانەت ئەو کەسانەش کە بەشێوەیەکی تایفەگەرانە قسە دەکەن بۆ باکگراوەندێك دەگەڕێنەوە لە سستەمەکانی ستەمداری و دیکتاتۆرییەت و شمولی تەنانەت گەر سستەمەکانیان کۆماریش بێت، هەربۆیە بەردەوام دەستێوەردان دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ شکست پێهێنانی ئەم ئەزموونە. ئێمە لە عێراق بەبێ دیموکراسییەت هیچ ئومێدێکمان نییە بۆ پێکەوەژیان کە هەمووومان پێکەوە بژین وەك عەرەب و کورد، وەك سوننەو شیعە، دیموکراسییەت تاکە ڕێگایە بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ پابەندبوون بە دەستوو، بەڵام بە پێچەوانەوە مانای دووبارە بوونەوەی ئەشکەنجەو مەینەتییەکانەو گەڕانەوەیە بۆ سەردەمە تاریکەکانی ستەمداری کە ڕۆڵەکانی عێراق پێی تێپەڕیون، لە کارەساتی هەڵەبجەو ڕاپەڕینەکەی (شەعبانی)و هەموو کارەساتەکانی تر کە پێویستە ببێت بە یادەوەرییەك بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خوازیارن بگەڕێنەوە بۆ سەردەمەکانی دیکتاتۆرییەت.

**لە ئیئتیلافی وەتەنی عێراقی، هاوپەیمانی کوردستان بە یەکێک لەو هێزانە دادەنێین کە زۆر نزیکن لێمان و ئێمە لەوە دڵنیاین کە بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵیان و ئەنجامدانی (پڕۆژەی تەوافوقی نشتیمانی) کارێکی گرنگە**

**کوردەکان لە هاوپەیمانی کوردستان زۆر پۆزەتیڤن و لەم قۆناغەدا هیچ گرفتێک ڕوونادات**

پرۆفیسۆر جۆزیف سیرامەی ئوستادی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانیە لە زانکۆی تەکساس و یەکێکە لە تۆژەرە باڵاکانی ئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی (SSI) لە کۆلێژی جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پرۆفیسۆر سیرامەی یەکێکە لەو تۆژەرانەی کە بایەخێکی زۆر بە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق دەدات، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق، پرۆفیسۆر سیرامەی بەمجۆر بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

جۆزیف سیرامەی بۆ گوڵان:

# ئەوەی ئەمریکا مەبەستێتی ئەوەیە ئەم هاوینە هێزەکانی لە عێراقدا کەمبکاتەوە

*** ئایا درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە سیاسییەی عێراق کە خەریکە رووبەڕووی قەیران دەبێتەوە، ئەمریکا ناچار دەکات دووبارە دەستێوەردان لە پرۆسە سیاسییەکەدا بکاتەوە؟**

- لە راستیدا دەبێت ئەو واقیعە لەبەرچاو بگرین کە عێراق لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندایە و ئاساییە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت ماوەیەك بخایەنێت، تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بە دیاریکراوی لە ساڵی ٢٠٠٠دا- هەرچەندە ئەمە شتێکی نائاسایی بوو بۆ ئەم وڵاتە- کێشەی یەکلاکردنەوەی سەرکەوتنی بەڕێز بوش یان بەڕێز ئالگۆر چەند مانگێکی خایاند. بەڵام ئەوەی گرنگە لە عێراقدا ئەوەیە لایەنە سیاسییەکان بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە و لەسەر جێبەجێکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، چونکە بە تێپەڕبوونی کات کردەوە توندوتیژییەکان پەرەدەسێنن، ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی ئەمریکاش دوای ماوەیەکی دیکە لەو وڵاتە پاشەکشە دەکەن. سەبارەت بە دەستێوەردانی ئەمریکا یان گوشاری ئەمریکا، پێموایە دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کارێکی هەڵە دەبێت ئەگەر رووبدات. هەر لەم رووەوە جەنەراڵ ئۆدێرنۆ لە چاوپێکەوتنێکدا رایگەیاند ئەمریکا بە نیازی پابەندبوونە بە خشتەی کشاندنەوەی هێزەکان لە عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتوو بارودۆخێك دروست بوو کە پێویست بە دووبارە بڵاوکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکات لەو وڵاتەدا، ئەوا ئەم جەنەراڵە بەرپرسە لەوەی ئەم هەڵسەنگاندنە بکات. هەرچۆنێك بێت باوەڕم وایە ئەمە پرسێکە دەبێت لەلایەن پارتە سیاسییەکان و سەرکردە سیاسییەکانی وڵاتەکەوە یەکلابکرێتەوە، دەبێت رۆڵی ئەمریکا تەنیا پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی بێت و دووبارەی دەکەمەوە دەستێوەردانی ئەمریکا بە کارێکی راست نازانم.



*** چاودێران پێیانوایە ئەمریکا لە عێراقدا هێندە کاری بۆ سەقامگیری کردووە هێندە کاری بۆ دیموکراتی نەکردووە، تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا؟ و ئایا هێنانەدی سەقامگیری کێشەکانی عێراق چارەسەر دەکات؟**

- هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێت ئەولەویەتی یەکەم بۆ هێنانەدی ئاسایش بێت و لە سیستمی پەرلەمانتاریدا بەوە مانایە دێت کە ئەو هاوپەیمانێتیەی زۆرترین ژمارەی کورسی هەیە لە پەرلەماندا بتوانێت حکومڕانی بکات، ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆ و سازشکردن دەبێت. لەبەر ئەوە لەم رووەوە کات گرنگە، بۆ ئەوەی عێراق بەردەوام بێت لەسەر گەشەکردن و پەرەوپێشچوون بە تایبەتی لە رووی ئابووریەوە بۆ باشترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خەڵك، ئەویش لە رێی دەرکردنی یاسا و رێوشوێنی پێویستەوە بۆ هێنانەدی ئامانجە. لە راستیدا ئەگەر ئێمە بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، ئەوا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئەمریکا، نزیکەی ٢٠ ساڵی خایاند تاوەکو ئەمریکیەکان توانیان رێکبکەون لەسەر ئەوەی دەست لە سیستمی کۆنفیدراڵی هەڵبگرن و دامەزراوەی سیاسیی نوێ بنیات بنێن، ئەو دامەزراوە سیاسییانەی تا ئێستاش لە ئارادان. هیوادارم لە عێراقدا ئەم کاتە نەخایەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە روونە کە عێراقیەکان پێویستیان بە ئارامگرتن هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر کێشەکاندا زاڵبن و بگەنە رێککەوتنێك لە نێوان هێزە ناکۆکەکاندا.

*** ئێمە دەزانین جیاوازی هەیە لە نێوان پێکەوژەیانی ئارەزومەندانە و پێکەوەژیانی ناچاری یان زۆرەملێ، ئەمە لە کاتێکدا لە عێراقدا نزیکەی ١٠٠ ساڵە پێکهاتەکانی عێراق ناچار کراون پێکەوەبژین، بەڵام لە دوای رووخانی رژێمی سەددام حوسێنەوە تا رادەیەك ئازادیەك لەم وڵاتەدا دروست بوو، ئەوە ئاشکرا بوو کە پێکهاتەکانی عێراق خوازیاری ئەوەنین پێکەوەبژین، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانرێت و دەکرێت دووبارە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی ئاشتیانە بڕیاری پێکەوەژیان بدەن؟**

دەبێت رۆڵی ئەمریکا تەنیا پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی بێت و دەستێوەردانی ئەمریکا بە کارێکی راست نازانم

نزیکەی ٢٠ ساڵی خایاند تاوەکو ئەمریکیەکان توانیان رێکبکەون لەسەر ئەوەی دەست لە سیستمی کۆنفیدراڵی هەڵبگرن و دامەزراوەی سیاسیی نوێ بنیات بنێن

- ئەگــەر ئێمە لــەم ڕووەوە بــۆ مێژوو بگەڕێینەوە، ئەوا لە وڵاتە ئەوروپییەکانیشدا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەروەها لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیشــەوە، ئەم وڵاتانە ڕووبــەڕووی دژواری بوونەوە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتانــی ئەوروپا، بۆ نموونە بەریتانیــا، مێژوویەکــی دووردرێژیان هەیە لە پیادەکردنی دیموکراسی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا جیاوازی و دابەشبوون لەم وڵاتەنەدا هەیــە. هەروەها ئەوەی گرنگە لەم ڕووەوە چەسپاندنی ســەروەریی یاسا و خســتنەگەڕی ئەو پرۆســانەیە کە لە تێڕوانینــی خەڵکدا بە پرۆســەگەلێکی شــەرعی لەقەڵەم دەدرێــن، چونکە ئێمە دەزانین پێکهاتەی ئیتنی وئایینی جیاواز لە وڵاتەکەدا هەن کە ناکۆکی و ململانێ هەیە لە نێوانیانــدا، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەهۆی ئامرازی سیاسی و ئاشتیانەوە ئەم جیاوازی و ناکۆکیانە یەکلابکرێنەوە.

*** بــەڵام لەگــەڵ ئەوەی دەســتووری وڵاتەکە عێراقــی بە دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناســەکردووە، بەڵام عێــراق دەوڵەتێکی مەرکەزیە و هەموو پاڵێوراوەکان بۆ پۆستی ســەرۆك کۆمار خوازیاری گەڕاندنەوەی مەرکەزیەتن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق دەتوانێت سیستمی فیدراڵی پیادە بکات؟**

- لــە ڕاســتیدا هیچ هۆکارێــك یاخود ئاستەنگێك بەدی ناکەم لەبەردەم پیادەکردنی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا، چونکە ئەم سیستمە دەرفەتی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرســیارێتیەکان دەڕەخسێنێت. ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ســەرکردە سیاسییەکان لەسەر ئەم پرســە ڕێککەوتوون و ئەمەش سیستمێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە عێراقدا پیــادە بکرێت. بۆ نموونــە ئێمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار بەم سیستمە دەکەیــن، ئەگەرچی ئەگــەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، ئەوا لە ئەمریکادا شــەڕی ناوخۆیی ڕوویدا، لەبەر ئەوەی ویلایەتەکانی باشووری ئەم وڵاتە خوازیاری ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بوون و کێشەیان هەبوو لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە سەر چەند پرسێك، بەڵام ســەرۆك لینکۆڵن کــە یەکێکە لە مەزنترین سەرۆکەکانی ئەمریکا ڕێگەی نەدا ڕووداوەکان بەم ئاڕاســتەیەدا بڕۆن. کەواتە نابێت لەم ڕووەوە هەســت و ســۆز بەسەر بیرکردنەوەماندا زاڵبن، بەڵکو دەبێت واقیعیانە لە مەسەلەکە بڕوانین و کار بۆ پیادەکردنی ئەو سیستمە بکەین کە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێت.

*** ئەنجامی هەڵبژادنەکان بە شێوەیەك بوون کە ڕێژەی لیستەکان لەیەکەوە نزیك بوون، بەڵام ئێمە دەزانین کە لیســتی ئەلعێراقیە بە سەرۆکایەتی عەللاوی زۆرترین دەنگی بەدەســتهێناوە، زیاتر لە لیستی دەوڵەتی قانونــی نوری ئەلمالیکی، بەڵام ئێســتا مالیکی داوای دووبــارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان دەکات، پرســیارەکە ئەوەیە ئایا ڕازی نەبوونی مالیکــی بە ئاڵوگۆڕی ئاشــتیانەی دەســەڵات نابێتەهــۆی گەڕاندنەوەی پرۆسە سیاسییەکە بۆ خاڵی سفر؟**

- بــەلای منــەوە گرنــگ ئەوەیــە هەڵبژاردنــەکان و فەرزکردنی دەنگەکان بە شــێوەیەکی کــراوە بەڕێوەبچن، واتە ئەو کەســانەی بەرپرسن لە ئەنجامدانی ئەمکارە هەڵبســتن بــە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی ئەنجامدانــی هەڵبژاردنەکان و چۆنیەتــی فەرزکردنــی دەنگەکان بۆ خەڵکی وڵاتەکــە و بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئــەوەی هەڵبژاردنەکان و ئەنجامەکانیــان لە تێڕوانینی خەڵکدا شەفاف و شەرعی بن. دواتر دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە دیموکراسی تەنیا لە یەك هەڵبژاردندا کۆتایی نایەت، مەبەســتم ئەوەیــە ئــەو لایەنەی هەســت دەکات وەك پێویســت دەنگی بەدەست نەهێناوە، دەتوانێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا کار بۆ ئەوە بکات متمانەی خەڵك بەدەســت بهێنێــت. لە هەمان کاتــدا ئاڵوگۆڕی دەســەڵاتیش دیاردەیەکی تەندورستە و دەبێتەهۆی هێنانەئارای وزە و بیرۆکەی نوێ، کەواتە دەســتگرتن بەدەسەڵاتەوە و ئامادەنەبــوون بــۆ جێهێشــتنی، لە دیموکراسیدا جێی نابێتەوە.

*** بــە پێی لێکدانەوەی چاودێران هەمو پارتــە سیاســییەکانی وڵاتەکە لە ژێر کاریگەری دەوڵەتە دراوســێکاندان، بۆ نموونە شیعەکان لە ژێر نفوزی ئێراندان، سوننەکان لە لایەن سعودیەوە پشتگیریان لێدەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین هاوسەنگییەك ڕابگرین لە نێوان نفوزی ئەم وڵاتەدا؟ ئایا دەستڕۆیشــتوویی ئەم دەوڵەتانە زیان بە پرۆســەی سیاسی و سەقامگیری عێراق ناگەیەنێت؟**

- لێرەدا دووبارە جەخت لەسەر چەسپاندنی ســەروەریی یاســا دەکەمەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بەرپرسەکانی عێراق، یاخود حکومەت بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم کاریگەری و دەستڕۆشتووییانە ئەنجامی خراپیان لێدەکەوێتەوە لەسەر بارودۆخەکە، ئەوا دەبێت هەڵبستێت بە دەرکردنی یاسا دژی ئەو کەسانەی کارئاسانی دەکەن بۆ ئــەوەی ئەم دەوڵەتانە ئەوەندە کاریگەر و خاوەن نفوزبن لە عێراقدا.

*** ئایــا چۆن کــوردەکان دەتــوان لەم کاتەدا ببنە هۆکارێك بۆ سەرخســتنی پرۆسە سیاســییەکە و بۆ جێبەجێکردنی دەستووری وڵاتەکە؟**

- بە دڵنیاییەوە بەشــداری کوردەکان تا دوای ڕاددە گرنگە بۆ ئەوەی سیستمێك لــە وڵاتەکەدا پیادە بکرێت کە لەســەر بنەمــای دابەشــکردنی دەســەڵات و بەرپرسیارێتیەکان بنیاتنرابێت، بۆ ئەوەی حکومەتێکــی کارا لــە ئارادابێت و بۆ ئــەوەی هەڵبژاردنی کراوە و شــەفاف ئەنجامبدرێت تاوەکو تێڕوانینی خەڵکی تێڕوانینێکــی شــەرعی بێــت بۆ ئەو هەڵبژاردنانە.

*** کەواتە ئێوە گەشبینن بە ئایندەی ئەم وڵاتە؟**

- لە ڕاســتیدا دەبێت واقیعی بین، من هیچ هۆکارێك بــەدی ناکەم بۆ ئەوەی ڕێگربێــت لە بــەردەم گەشــەکردنی عێراقدا، بۆ ئەوەی حکومەتێکی کارا و ئابوورییەکی پێشکەوتووی هەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ڕۆڵ و بەشــداری هاووڵاتیــان لــە پرۆســەکەدا گرنگە، بــە تایبەتی ئەو هاووڵاتیانەی داوای حکومەتێکی کراوە و شــەفاف دەکەن، ئــەو هاووڵاتیانەی داوای یەکلاکردنەوەی کێشــەکان دەکەن بە شــێوەیەکی ئاشــتیانە، نەك لە ڕێی توندوتیژییەوە.

**نابێت هەست و سۆز بەسەر بیرکردنەوەماندا زاڵبن، بەڵکو دەبێت واقیعیانە لە مەسەلەکە بڕوانین و کار بۆ پیادەکردنی ئەو سیستمە بکەین کە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێت**

**دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە دیموکراسی تەنیا لە یەک هەڵبژاردندا کۆتایی نایەت، دەستگرتن بەدەسەڵاتەوە و ئامادەنەبوون بۆ جێهێشتنی، لە دیموکراسیدا جێی نابێتەوە**

**بەشداری کوردەکان تا دوای ڕاددە گرنگە بۆ ئەوەی سیستمێک لە وڵاتەکەدا پیادە بکرێت کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیەکان بنیاتنرابێت**

> پێناچێت ئەو پرۆسەیەی بەهۆیەوە حكومەتی داهاتوو پێكدەهێنرێت، پرۆسەیەكی شەفاف و نەزیە و عادیلانە بێت

**پرۆفیسۆر سەمەر شەحاتە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی جۆرج تاون و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دیراساتی سیاسەتی عەرەبی و هەروەها سیاسەتی ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمریكا لە عێراقدا، پرۆفیسۆر شەحاتە یەكێكە لەو شرۆڤەوانە سیاسییانەی كە بۆ شرۆڤەی رووداوە گەرمەكانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی میدیاكانی ئەمریكا و میدیا عەرەبییەكان پێوەندی پێوە دەكرێت و بۆچوونەكانی وەردەگیرێن، زۆرجاریش نووسینەكانی لە رۆژنامەی حەیاتی لەندنی بڵاو دەكاتەوە، سەبارەت بە رەوشی سیاسیی عێراق و سیاسەتی ئەمریكا لە عێراق پرۆفیسۆر شەحاتە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**سەمەر شەحاتە بۆ گوڵان:**

# پرۆسەی سیاسیی عێراق لە قەیراندایە و ئەمریكاش ناتوانێت گوشار بخاتە سەر عێراقییەكان



*** چۆن بارودۆخی عێراق دەبینیت دوای ئاشكراكردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكان؟**

- بە تێڕوانینی من هەلومەرجی عێراق پشێوی باڵی بەسەردا كێشاوە، مەبەستم ئەوەیە نەك هەر تەنیا ئەنجامی هەڵبژاردنەكان روون نین، بەڵكو پێناچێت ئەو پرۆسەیەی بەهۆیەوە حكومەتی داهاتوو پێكدەهێنرێت، پرۆسەیەكی شەفاف و نەزیە و عادیلانە بێت، بۆ نموونە ئێمە ئەو راپۆرتە رۆژنامەوانیانە دەخوێنینەوە كە باس لەوە دەكەن بێلایەنی پیادە ناكرێت لە پرسی دوورخستنەوەی چەند پاڵێوراوێكی سوننەكان یاخود كەسایەتییە عەلمانییەكان، ئەمەش مایەی نیگەرانییە و نیشانەیەكی سلبییە، هەم لە روانگەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و هەم لە روانگەی ئەو وڵاتانەی خوازیاری ئەوەن دەوڵەتێكی سەقامگیر و سەركەوتوو و دیموكراتی لە عێراقدا دروست بێت.

> چیتر پرسی عێراق لە روانگەی سیاسەتمەدار و رای گشتی ئەمریكاوە پرسی ژمارە یەك یان ژمارە دوو تەنانەت ژمارە سێش نییە

*** ئێمە دەزانین دوو مانگ تێپەڕیوە بێئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەكان بە رەسمی رابگەیەنرێت، ئەمەش بۆتەهۆی دواخستنی گفتوگۆكان لە چوارچێوەی پرۆسە سیاسییەكەدا و لە بارەی پێكهێنانی حكومەتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا نییە، ئەمە لە كاتێكدا ئەمریكا بڕیاری كشاندنەوەی هێزەكانی داوە لەو وڵاتەدا، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا درێژەكێشانی ئەم بارودۆخە لەسەر ئەم رەوتە ئەمریكا ناچار دەكات دووبارە دەستێوەردان لە پرۆسە سیاسیەكەدا بكاتەوە؟**

- لە راستیدا ئێمە بینیمان كە وەزیری دەرەوەی ئەمریكا، خاتوو كلینتۆن بە شێوەیەك لە شێوەكان رەخنەی ئاڕاستەی ئەو پرۆسەیە كرد كە لە عێراقدا بەڕێوەدەچێت و داوایكرد بە رەوتێكی خێراتر و رێكوپێكتر و بە شێوەیەكی عادیلانە كار بكرێت لەو وڵاتەدا. وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا خوازیاری ئەوەیە هەڵبژاردنەكان ئەنجامێكی روونیان هەبێت، هەموو لایەك ئەو ئەنجامانە بە شەرعی بزانن و دواتر حكومەتێكی كارا پێكبهێنرێت، بەڵام كێشەكە ئەوەیە لە عێراقدا هیچ یەكێك لەم مەسەلانە لە ئارادانین. هەروەها پێموایە دەستێوەردانی ئەمریكاش دەبێتەهۆی ئاڵۆزكردنی زیاتری بارودۆخەكە، چونكە ئەو كاتە زیان بە سەروەریی و سەربەخۆیی عێراقییەكان دەگەیەنێت، كەواتە ئەمریكا لە پێگەیەكی باشدا نییە، لە لایەكەوە ناتوانێت فشارێكی زۆر بخاتەسەر عێراقییەكان، لەلایەكی دیكەوە خوازیای سەقامگیربوونی هەلومەرجەكەیە لە عێراقدا، لەبەر چەندین هۆكاری جیاواز لە نێویاندا كشاندنەوەی هێزەكانی لە هاوینی داهاتوودا. لەلایەكی دیكەوە ئەمریكا ناتوانێت فشارێكی زۆر لەسەر عێراقییەكان دابنێت، بۆ نموونە ناتوانێت داوای گۆڕینی كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەكان بكات، ئەویش لەبەر بوونی سەروەریی لای عێراقییەكان و هەروەها لەبەر ئەو كاردانەوەیەی چاوەڕوان دەكرێت روو بدات. كەواتە هەموو لایەك لە دۆخێكی دژواردان. كێشەیەكی دیكە ئەوەیە چیتر پرسی عێراق لە روانگەی سیاسەتمەدار و رای گشتی ئەمریكاوە پرسی ژمارە یەك یان ژمارە دوو تەنانەت ژمارە سێش نییە، مەبەستم ئەوەیە زۆرێك لە ئەمریكیەكان ئەوەیان لەبیركردووە كە كێشەیەك هەیە بە ناوی كێشەی عێراقەوە، رەنگە هۆكارەكەش ئەوەبێت كە ژمارەیەكی زۆر كەمتری سەربازی ئەمریكی لەو وڵاتەدا دەبنە قوربانی، لە لایەكی دیكەوە ئەمریكا سەرقاڵە بە كێشەیەكی گەورەترەوە، وەك ئەفغانستان، لە هەمان كاتدا قەیرانی ئابووری جیهانیش كاریگەری خۆی هەبوو، لەگەڵ ئەو كێشە ناوخۆییانەی پەیوەستن بە سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریكاوە.

> ئەگەر شیعەكان هەست بكەن كوردەكان خوازیاری ئەوەن لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، بەڵام بە مەرجێك فیدراڵی جێبەجێ بكرێت، ئەوا دژی هەوڵەكانی پیادەكردنی فیدراڵیزم ناوەستنەوە

*** گواستنەوە لە قۆناغی دیكتاتۆری بەرەو قۆناغی دیموكراسی كارێكی ئاسان نییە، بەڵكو پێویستی بە دروستكردن و بنیاتنانی كولتووری دیموكراسی هەیە، كە ئەمریكاش لەم رووەوە كاری نەكردووە بۆ دروستكردنی ئەو كولتوورە لە عێراقدا و تەنیا بایەخی بە هێنانەدی سەقامگیری داوە، تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا؟ ئایا هێنانەدی سەقامگیری كێشەكانی عێراق چارەسەر دەكات؟**

- ئەوەی پێوەندی بە دیموکراسیەوە هەبێت، ئـەوا هاوڕانیـم لەگەڵ پرسـیارەکەتاندا، مەبەسـتم ئەوەیە باوەڕم وایـە کولتووری دیموکراسـی ئەنجامـە نـەك هۆکارێك بێت بـۆ هێنانەدی دیموکراسـی، ئەوەی گرنگـە لێرەدا بوونی دامـەزراوەی بەهێزە کـە ڕێگری لـە خەڵك بکات بـۆ ئەوەی نەتوانـن نادیموکراتیانە ڕەفتار بکەن، ئەمە تەنانەت بۆ ئەمریکاش ڕاسـت و دروستە، واتە گرنگ بوونی ئـەو دامەزاوانەیە کە ڕێگری بکەن و سـزا بەسەر ئەو کەسانەدا بسـەپێنێن کە دەیانەوێت کەڵکی خراپ لە دەسـەڵات وەربگرن، هەروەها دەسەڵاتەکان سنووردار بکەن ئەگەرچی دەسەڵاتگەلێکی هەڵبژێردراویـش بن. ئـەوەی پێوەندی بە ئەمریـکاوە هەبێت، ئەوا ڕاسـتە ئەمریکا بایەخی بە هێنانەدی دیموکراسی نەداوە لە عێراقدا، بەڵام لە هەمان کاتدا-ئەگەرچی ئەمە بەرگری کـردن نییە لە ئەمریکا یان هەر وڵاتێکـی دیکە- دەبێـت جۆرێك لە سـەقامگیریش لەو وڵاتەدا بچەسپێنرێت، لەبەر ئـەوەی کەڵکـی دیموکراتی چییە ئەگەر هەموو ڕۆژێك تەقینەوە و ئیغتیالات هەبێـت، ئەگەر ئەشـکەنجە و ئازاردانی زیندانی هەبێـت لەلایەن وەزاەتی ناوخۆیی وڵاتەکەوە.

*** ئێمـە دەزانین لـە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا دابەشبوونەکان بە ئاشکرا دەرکەوتن، بـۆ نموونە کـوردەکان متمانەی خۆیان بە لیستە کوردییەکان بەخشی، بە هەمان شێوە سوننەکانیش، هەروەها شیعەکانیش دەنگی خۆیان بە لیستە شیعەکان بەخشی، ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە ئەگەرچـی بڕیار بێت عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، ئەمە لە کاتێکدا لەگەڵ ئەوەی دەستووری وڵاتەکە عێراقی بە دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناسەکردووە، بەڵام عێـراق دەوڵەتێکی مەرکەزیـە و هەموو پاڵێوراوەکان بۆ پۆسـتی سـەرۆك کۆمار خوازیـاری گەڕاندنـەوەی مەرکەزیەتن، پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایا عێـراق دەتوانێت سیستمی فیدراڵی پیادە بکات؟**

- ئەمـە پریسـیارێکی قورسـە، ئەوەی پێوەندی بەم پرسـەوە هەبێـت، ئەوا تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە دەبێت بایەخ بە چەسپاندنی ئاسـایش و سـەپاندنی سـەروەریی یاسا بدرێت، مەبەستم ئەوەیە چارەسەرکردنی ئەم پرسانە دەبنەهۆی ئەوەی ڕێگەخۆشبکرێت بۆ پیادەکردنی فیدراڵیزم لە عێراقدا، چۆن؟ بۆ نموونە ئەگەر سـوننەکان هەست بکەن کە مامەڵەیەکی نارەوایان لەگەڵ دەکرێت، هەڕەمەکییانە دەستگیردەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، ئەوا ئەو کاردانەوەیەی سـوننەکان دەیانبێت لە بەرژەوەندی فیدراڵیزم نابێت، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر شیعەکان هەست بکەن کـوردەکان خوازیاری ئەوەن لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، بەڵام بە مەرجێك فیدراڵی جێبەجـێ بکرێت، ئـەوا دژی هەوڵەکانی پیادەکردنـی فیدراڵیزم ناوەسـتنەوە، بەڵام ئەگەر باوەڕیـان وابێت کـوردەکان پلانی جیابوونـەوە و ڕاگەیاندنی سـەربەخۆییان هەیە، ئەوا ئەمە دۆخێـك دەخوڵقێنێت کە یارمەتیدەر نابێت بۆ گرتنەبەری سیستمی فیدراڵی.

*** ئێمە دەزانین کە مالیکی داوای دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان دەکات و عەللاویش پێشـنیاری پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی و دووبـارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنەکانی کـردووە، ڕاوبۆچوونـی ئێوە لەسـەر ئەم بارودۆخە چییە؟**

- وەك قەیران وەسفی دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، بە تێڕوانینـی من ڕەنگە گرتنەدەسـتی پۆستی سەرۆك وەزیران لەلایەن عەللاویەوە لە بەرژەوەندی ئایندەی وڵاتەکە بێت، یەکەم لەبەر ئەوەی ئـەو گومانە دەڕەوێنێتەوە کە ئاڕاسـتەی مالیکی دەکرێت بەوەی دوای هەڵبژاردنەکانی دەسـتکاری ئەنجامەکانی کردووە، دووەم لەبەر ئەوەی بوونی عەللاوی لەو پۆسـتەدا دەبێتەهـۆی خاوکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ سوننەکاندا.

*** بەپێی لێکدانەوەی چاودێران هەموو پارتە سیاسـییەکانی وڵاتەکە لەژێر کاریگەری دەوڵەتە دراوسێکاندان، بۆ نموونە شیعەکان لە ژێر نفوزی ئێراندان، سـوننەکان لەلایەن سعودیەوە پشـتگریان لێدەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین هاوسەنگیەك ڕابگرین لە نێـوان نفوزی ئـەم وڵاتـەدا؟ و ئایا دەستڕۆیشـتوویی ئەم دەوڵەتانـە زیان بە پرۆسەی سیاسی و سـەقامگیری عێراق ناگەیەنێت؟**

- لە ڕاسـتیدا دەبێت ئەو پرسـیارە بکەین بۆچی ئەم دوو وڵاتە ئەوەندە دەستڕۆیشتوون لە عێراقـدا، پێموایـە هۆکارەکە لاوازی سیستمە سیاسیەکە و نەبوونی سەقامگیریە لـەو وڵاتـەدا. واتە لێـرەدا مەسـەلەکە مەسـەلەی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان ئەو دوو وڵاتە نییە، بەڵکو بەهێزکردنی توانای عێراقییـەکان بۆ ئـەوەی دامەزراوەکانیان بەهێز بکـەن تاوەکو ئەم وڵاتانـە نەتوانن ئەوەندە کاریگەربن. لە لایەکی دیکەشـەوە ڕەنگە بەشێك لە کێشـەکە ململانێی نێوان ئێران و سعودیە بێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ڕەوتی ئـەم ململانێیـە خاوبکرێتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەریەکی باشـی لەسـەر بارودۆخی عێـراق لێبکەوێتەوە. چونکە ئـەم ململانێیە یاخود ئەم شـەڕە سـاردەی نێوان ئەو دوو وڵاتە کاریگەری سلبی لەسـەر عێراق دەبێت، چونکە ئێمە دەزانین ئێران کار بۆ ئەوە دەکات کە نفوز و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراق و وڵاتانی ناوچەی کەنداودا پەرەپێبدات، سـعودیە و هەندێ لە وڵاتە سوننەکانی دیکەش ئەمە بە سەرچاوەی مەترسی دەزانن، لەبەر ئەوە کاردەکەن بـۆ دژایەتیکردنـی، کە لێرەدا لەبەر ئەوەی سـنوورەکانی عێراق پارێزراو نین، لەبەر ئەوەی ڕژێمە دەسـەڵاتدارەکەی ڕووخێنـرا و لەبەر نەبوونی سـەقامگیر و سەروەریی یاسا، ئەوا ئەم وڵاتانە کردویانەتە مەیدانی ململانێکانیان.

*** کوردەکان هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەشێکن لە چارەسـەر نەك بەشـێك بن لە کێشەکە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن کوردەکان دەتوانن لەم کاتەدا ببنە هۆکارێك بۆ سەرخسـتنی پرۆسـە سیاسـیەکە و بۆ جێبەجێکردنی دەستووری وڵاتەکە؟**

- ڕەنگە نەتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام پێموایە تا ڕاددەیەکی گەورە ئایندەی کوردەکان لە دەسـتی خۆیاندایە، واتە تا چ ئاسـتێك پابەند دەبن بە حکومڕانێتیکردنی باش و پیادەکردنی شەفافیەت و دوورکەتنەوە لە مەحسـوبیەت و مەنسوبیەت، مەبەستم ئەوەیـە ئایندەی کوردەکان پەیوەسـتە بەو سیاسـەتەی کوردەکان خۆیان پیادە دەکەین لـە هەرێمەکەیاندا، نەك بەو ڕووداوانەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا ڕوودەدەن.

ڕەنگە گرتنەدەستی پۆستی سەرۆک وەزیران لەلایەن عەللاویەوە لە بەرژەوەندی ئایندەی وڵاتەکە بێت

ئێران کار بۆ ئەوە دەکات کە نفوز و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراق و وڵاتانی ناوچەی کەنداودا پەرەپێبدات

ئایندەی کوردەکان پەیوەستە بەو سیاسەتەی کوردەکان خۆیان پیادەی دەکەین لە هەرێمەکەیاندا، نەک بەو ڕووداوانەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا ڕوودەدەن

پرۆفیسۆر تۆماس ماتئایرز ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کێنت ستەیت و تۆژەر لە ئامۆژگای ئەنجوومەنی سیاســەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق و دەوڵەتانی کەنداو و ئێران، بۆ قســەکردن سەبارەت بەرەوشی سیاسیی ئێستای عێراق پرۆفیسۆر ماتئایرز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**تۆماس ماتئایرز بۆ گوڵان:**

# مالکی و عەلاوی
# هەردووکیان لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزین

**گرنگە ئەو هاوپەیمانێتیەی پێکدەهێنرێت و ئەو حکومەتەی دێتەئاراوە جا بە سەرکردایەتی لیستی دەوڵەتی قانون بێت یاخود لیستی ئەلعێراقییە، کورد و شیعە و سوننە و رەوتە عەلمانی و ئاینییەکانیش لەخۆبگرێت**

*** ئێستا عێراق بە ساتەوەختێکی قەیراندا تێدەپەرێت، بەرێز چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەخوێنیتەوە؟**

- لە راستیدا ئەمە ساتەوەختێکی زۆر گرنگە بۆ عێراق، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا لایەنێکی دیاریکراو نەیتوانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت، هەروەها نە مالیکی و نە عەلاوی ناتوانن بە ئاسانی هاوپەیمانێتی پێکبهێنن. لە هەمان کاتدا کوردەکان دەتوانن رۆڵێکی گرنگ ببینن لە پشتگیری کردنی ئەو لایەنەی هەڵدەستێت بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ ئەوەی بتوانێت سەرۆک وەزیران هەڵبژێرێت، پێم وایە پێویستی ئەو هاوپەیمانێتییەی پێکدەهێنرێت هەموو لایەنەکان لەخۆبگرێت، بۆ نموونە پێشتر و لە ساڵی ٢٠٠٥دا سوننەکان موقاتەعەی هەڵبژاردنەکانیان کردوو وەک پێویست نوێنەرایەتیان لە حکومەت و پرۆسە سیاسییەکەدا نەبوو، بەڵام ئەمجارە بەشدارییەکی چڕیان کردوو تا رادەیەکی گەورە متمانەیان بە عەلاوی دا، لەبەر ئەوە گرنگە ئەو هاوپەیمانێتییەی پێکدەهێنرێت و ئەو حکومەتەی دێتەئاراوە جا بە سەرکردایەتی لیستی دەوڵەتی قانون بێت یاخود لیستی ئەلعێراقییە، کورد و شیعە و سوننە و رەوتە عەلمانی و ئاینییەکانیش لەخۆبگرێت.

*** دەوڵەتە دراوسێکان دەستڕۆیشتویەکی گەورەیان هەیە لە عێراقدا، چۆن لەم دەستێوەردانانە دەروانیت لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە بە تایبەتی هەردوو دەوڵەتی ئێران و سعودییە؟**

- عێراق دەوڵەتێکی گرنگە بۆ هەردوو ئەم



دوو وڵاتە ( سعودییە و ئێران) لەبەر ئەوەی عێراق بەربەستێک بوو لە بەردەمی ئێراندا و رێگری دەکرد لەوەی ئێران کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی بۆ جیهانی عەرەبی درێژبکاتەوەو هەرەشە لە سعودییە بکات، بەڵام بە داگیرکردنی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بە رووخانی رژێمی سەددام حوسێن ئەم بەربەستە راماڵراو ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو نفوز و دەستڕۆیشتووی خۆی لە عێراقدا زیاد کرد، ئەمە تێروانین و خوێندنەوەی وڵاتی سعودییەیە بۆ بارودۆخەکە. هەروەها ئێرانیش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شەرێکی خوێناوی لەگەڵ عێراقدا کرد و ئێستاش هەوڵدەدات کاریگەر بێت بەسەر رەوتی رووداوەکانەوە بۆ ئەوەی رژێمێکی چەشنی سەددام حوسێن دروست نەبێت و هەرەشە لە ئێران بکاتەوە. لەم روانگەیەوە هەوڵ و کۆششی سعودیە بۆ ئەوەیە بە لای کەمەوە سوننەکان بەشداریان پێبکرێت لە پرۆسە سیاسییەکە و لە حکومەتدا، چونکە دوورخستنەوەیان و بێبەشکردنیان دەبێتەهۆی دروستبوونی توندوتیژی و سەرهەڵدانی ناسەقامگیری و ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر سعودییە. هەروەها ئێران خوازیارە لایەنە ئاینییە شیعەکان جڵەوی دەسەڵات بگرنەدەست. لە لایەکی دیکەوە باڵیۆزی ئێران رایگەیاند پێویستە حکومەتی داهاتووی عێراق هەموو لایەنەکان لە خۆبگرێت، ئەمە لێدوانێکی زۆر بەهێز و گرنگە. کەواتە دەتوانین بڵێین شتێکی سروشتییە کە ئەم دەوڵەتانە هەڵدەستن بە بایەخدان بە بارودۆخی عێراق. هەرچەندە لە کۆتاییدا ئەمە مەسەلەیە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەرێتەوە، هەروەها ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردەکانەوە ئەوا لەبەر ئەوەی کوردەکان ئەوەندە کورسی یان بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی کاریگەربن لەسەر ئەوەی چ لایەنێک دەتوانێت سەرکەوتووبێت لە پێکهێنانی حکومەتدا، ئەوا لەم رووەوە روبەرووی ساتەوەختێکی سەخت بوونەتەوە، لەبەر ئەوەی نەعەلاوی و نە مالیکی ئامادەنین داواکارییەکانی ئێوە بهێننەدی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە نەوت و کێشەی کەرکوکەوە، هەردوو لایان خوازیاری ئەوەن کە دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز هەبێت و کۆنترۆڵی مەسەلەکان بکات، لەبەر ئەوە دەبێت بگەنە رێککەوتنێک لەگەڵ لایەنێکیاندا بۆ ئەوەی یەکگرتووی عێراق بپارێزن و رێگری لە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی بکەن.

**هەوڵ و کۆششی سعودیە بۆ ئەوەیە بە لای کەمەوە سوننەکان بەشداریان پێبکرێت لە پرۆسە سیاسییەکە و لە حکومەتدا**

*** ئایا تا چ رادەیەک گەراندنەوەی مەرکەزییەت پێشێلکردنی دەستوری عێراقییە، هەروەها بەهای دەستور چییە؟**

**لە کاتێکدا دەستوور چارەسەری بۆ هەموو کێشەکان داناوە، بەڵام تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان**

**هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لە ئارادان ؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستییە بزانین کە دەستورو ئەو تەرتیباتە سیاسیانە هاتنە ئاراوە رەنگدانەوەی رێککەوتنی لایەنەکان بوون بۆ یەکلاکردنەوەو چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی نێوان کورد و عەرەب و نێوان شیعە و سوننەکان، بەڵام لە ئێستادا کێشەکە بۆ کورد ئەوەیە کە هەم عەللاوی و هەم مالیکی خوازیاری گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزین و ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەدان کوردەکان ئاستێك لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت، بەڵام خوازیاری ئەوەنین کوردەکان سەربەخۆی یاخود ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمیان هەبێت. بۆ نموونە پێشتر مالیکی ئامادەبوو هێزی سەربازی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی رێگری لە کوردەکان بکات کە دەسەڵاتیان بەسەر کەرکوکدا هەبێت، هەروەها عەللاوییش رایگەیاندووە کە خوازیارە کەرکوك دەسەڵاتێکی مەحەلی هەبێت، بەڵام لە ژێر باڵادەستی حکومەتی مەرکەزیدا بێت. کەواتە مەسەلەکە پەیوەست نییە بە بەهای دەستوورەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئامادەبوونی عەرەب و کوردەکانەوە بۆ ئەوەی سازش بکەن لەسەر ئەم پرسانە بکەن و بۆ ئەوەی رێگری بکەن لە سەرهەڵدانی خوێنرێژی و شەڕی ناوخۆ، چونکە درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە و دروستبوونی ناسەقامگیری دەبێتەهۆی ئەوەی دەوڵەتە دراوسێکانیش دەستێوەردان لەم پرسەدا بکەن، بۆ نموونە تورکیا، ئێران و سوریا، لەبەر ئەوە ئەمە بە راستی ساتەوەختێکی سەخت و گرنگە بۆ کوردەکان. هەروەها ئەوەی ئەوەندەی دیکە دۆخەکەی سەخت کردووە، کێشەی داهاتی نەوتە، کە دەبێت ئەو پرسە یەکلابکرێتەوە ئایا کوردەکان یاخود حکومەتی بەغدا کۆنترۆڵی ئەو داهاتە دەکەن.

*** بەڵام سعودییەش خوازیاری ئەوەیە سوننەکان کۆنترۆڵی دەسەڵات بکەن لە عێراقدا، گەرچی سعودییە رایگەیاندووە کە بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ تێکڕای لایەنە عێراقییەکاندا دەکات، ئایا پێت وایە تا چەند ئەمە راستە، یاخود بیروبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- من پێم وانییە جارێکی دیکە سوننەکان بتوانن بە تەنیا کۆنترۆڵی دەسەڵات بکەن لە عێراقدا، سعودییەش کار بۆ ئەم ئامانجە ناکات، بەڵکو ئەوەی سعودییە هەوڵی بۆ دەدات و ئەوەی سعودییە پێویستی پێیەتی ئەوەیە سوننەکان بەشداری بکەن لە دەسەڵاتدا، لە لایەکی دیکەوە سعودییە هەوڵدەدات هەموو لایەنەکان بەشداری بکەن، چونکە بە پێچەوانەوە توندوتیژی و شەڕی ناوخۆی لە عێراقدا دروست دەبێت و ئەمەش دەبێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی هەل و مەرجی ناوچەکە و ئەمەش زیانی دەبێت بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی سعودییە.

*** پێت وایە لایەنە عێراقییەکان بتوانن پێش مانگی ئاب کە وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە حکومەت پێکبهێنن؟**


- لە راستیدا ئەوە نزیکەی ٨ هەفتەیە تێپەڕیوەو نەتوانراوە هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت، کە لەم رووەوە عەللاوی هەوڵدەدات چەند کەسێکی لیستی دەوڵەتی قانون بەلای خۆیدا رابکێشێت و بە هەمان شێوە مالیکیش هەوڵدەدا چەند کەسێکی لیستی ئەلعێراقییە کەسب بکات بۆ بەرژەوەندی خۆی. تێڕوانینی من ئەوەیە دروستکردنی هاوپەیمانێتی کارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی کێشەکان قورسن، بۆ نموونە ئەو کێشەیەی پەیوەستە بە ئێوەوە، مەبەستم کێشەی کەرکوکە. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی پەیوەست بێت بە هێزەکانی ئەمەریکاوە، ئەوا ئەمەریکا لە مانگی ئابدا تێکڕای هێزە شەرکەرەکانی خۆی لە عێراقدا دەکێشێتەوە، بەڵام هێشتا ٥٠ هەزار سەرباز بۆ ساڵێکی دیکەش لە عێراقدا دەمێننەوە، واتە لە مانگی ئابدا رۆڵی ئەمەریکا لە عێراقدا کۆتایی نایەت، بەڵکو کەم دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە من پێم وایە داگیرکردنی عێراق بریارێکی هەڵەبوو، بەڵام ئێستا دەرفەتێکی زێڕین دروستبووە بۆ ئەوەی عێراقییەکان بتوانن دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا بهێننەدی و لە راستیدا ئەگەر سوود لەم دەرفەتە وەرنەگرن، ئەوا ئایندەیەکی پڕ لە توندوتیژی چاوەڕێیان دەکات.



**لە ئێستادا کێشەکە بۆ کورد ئەوەیە کە هەم عەللاوی و هەم مالیکی خوازیاری گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزین و ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەدان کوردەکان ئاستێک لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت**

**دروستکردنی هاوپەیمانێتی کارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی کێشەکان قورسن**

# ئایا زەردەشت کوردە؟



**فەلەکەدین کاکەیی**

**(٣-٣)**

د. محەمـــەد ئەمین هەورامانی لە پێشـــەکی فەرهەنگی (ئاریانڤاچ) دا دەڵێت کە ئەم فەرهەنگە هی زمانی پالەویی ڕۆژاوایی زمانی ئاڤێســـتایە واتە: ڕۆژاوای ئەو ســـەردەمەی ئێـــران کە دەکاتە کوردستانی ئێستا، هەروەها باسێکی وردی ( دەوری دەنگە گۆڕکێ لە تێگەیشتنی زمانی دێرینماندا) دەکات. کـــە چۆن، بۆ نموونـــە دەنگەکانی (ب) و (ڤ) و (و) جێگەی یەکتری دەگرن و کێشە نە لە ڕووی واتاوە، نە لە ڕووی ئاوازەوە، نایەتە بەرێ.

هەروەهـــا دەڵێت کە دەنگەکانـــی (ب، ڤ، د، گ). یـــا(ر) و (و) و(ل) و(ل) و(ع) و (ە) و چەند دەنگی تر جێگایان دەگۆڕن و، جێگەی یەکتر دەگرنەوە، بەو شـــێوەیە گۆڕانکاریی بەسەر چەند وشەیەدا باسدەکات، وەك:

- یۆڤان= جوان= لا و گەنج.
- زرەیە= زەریا= دەریا.
- زەن= ژەن= ژن.
- پۆلات= پۆلا
- ئاهین= ئاسن.
- جێگەی سەرنجیشە کە ئامرازی (ئە) و (ئان) و (ئەنە، ئەن)، لە کوردیی کۆندا، دەخرێتە سەرەتای ئاوەڵنـــاو هەڵیدەگەڕێنێتەوە بـــەرەو پێچەوانە، وەکو بڵێی ئەرکی ئامرازی ئینگلیزی:

(نەن، نەو، ئەنتی) دەبینن.

لە ئاڤێستا ئامرازی (ئا)ش هەمان ڕۆڵی هەیە.

بە کورتی: زمانی ئاڤێســـتا بە بەراورد لەگەڵ زمانی کوردیـــی ئەمڕۆ ئەوەمـــان پێدەڵێت کە لە ڕیشـــەدا هەردووکیـــان گەڵا و لـــق و پۆپی یەك درەختی ڕیشەدار و پتەون.

بەڵکو لەو بەراوردەدا دەیان وشـــەی جوانی کۆن دەتوانن ئەدەبیات و نووسینی ئەمڕۆمان برازێننەوە، وەك:

- چەگات: بۆپە، لووتکە، ملە، سەرشان، سەری چیا.
- چەمـــرو: چـــاوو ڕوو، دەم و چاو، ڕوومەت، ئێستاش لە هەورامانیدا بەچاو دەڵێن(چەم).
- چەمبەر: هەلقە، بازنە، دایەرە، چەرخدان.
- چەند تۆم: چەندی تر، چەندی دیکە.
- چەنگ: بلوێر، نەی، چنگ.
- چەنگســـەرای: ئاوازکەر، ئاواز ساز، موزیك ژەن.
- چاپوك: وریا، زووخێز، لێهاتوو.
- چـــراخ: چـــرا، فانـــووس، چـــراخ، لامپا.. کەواتە(چراغ) تورکی نییە.
- چەرم: پۆســـتی چاککراو، و خۆشـــەکراو / چەرمە( لە هەورامی)= سپی.
- چارۆمەندیـــی: چارەمەنـــد، چارەکـــەر، چارەسەرکەر، چارەساز.
- چەرب: چەوری، ڕۆن، زەیتوون.
- چاشیش: فێرکردن، پەروەردەکردن.
- چاشتیار: ماموستا، ئامۆژگاری، ڕێنۆما.
- چەشـــمەڕەش: حەســـود، چـــاودار بەخیل، چەشم= چاو، کەواتە، چاوڕەش.
- چاشـــت: نانی بەیانیان، چێشـــت، تێشـــت، فێربوون، یاد پێ گرتن.
- چەترەنگ: شەترەنج.
- دەرڤەگ: بۆشـــایی بەردەم با، فەزا(فچاء) یەکەمین جارە ئەم وشە جوانەم بەرچاو دەکەوێ.
- دارڤـــەگ: گـــەلا، گـــەلای دار و درەخت، بەرگەدار.
- وەشتان: عادەتی ئافرەتان لە دەورەی حەیزدار.
- دەشـــتانما: ماوەی دەورەی حەیزی ئافرەتان/ دەشتانمانگ.
- دەشتا نۆمەند: ئافرەتی حەیزدار.
- داتەستان: دادستان، دادگا، مەحکەمە، یاسا، بڕیار دات= داد.
- دادەســـتاندەینا: بیروبـــاوەڕی شـــەرعی زەردوشتی (شەریعەتی زەردەشتی).
- گاری: شـــاخ، کێـــو، کـــەژ، نبۆڕە(چیای گارە).
- گەرۆنمانە: نوێژخانە،ماڵی نوێژ، مزگەوت، تەکیە، وشـــەی(نما) ئێســـتاش لـــە هەورامانیدا مانای(نوێژ) دەدات، نوێژ= نما= نوێ.
- گەنج: گەنجینە، زەخیرە.
- گەنجـــوەر: خەزنـــەدار، خەزێنـــەدار، ئەمین سندووق.
- گەنناکـــی: ڕیشـــوە خـــۆری گەندەلـــی، حەرامزادەیی لە ئەرکدا، ناراستی.
- گەرامیـــی: نـــاز، ئیفتیخـــار، گەورەیـــی، پایەبەرزی، لە فارســـی ئەمڕۆشدا هەر بەو مانایە دێ.

کەواتـــە، وردە وردە لەوە نزیـــك دەبینەوە بڵێین زەردەشـــت کە پەیامبەری مـــاد و فارس و گەلە ئارياييەکان بووە بە زمانێك ئاخاوتووە کە لە کوردیی ئەمڕۆوە نزیکە، لەئینسکلۆپیدیای گشتی یاسین صابـــر صالح چاپی ســـلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥ز دا هاتووە کە:

زەردوشـــتی، ئایینی کۆنی نەتەوەیی کوردە.. فەیلەســـوف و پێشـــەوای ئایینـــی زەردەشـــت لـــە خۆرهەڵاتـــی کوردســـتاندا، لـــە ناوچەی ئازەربایگان(ئازەربایجان) هێنایە کایەوە، کە لەپاش خـــۆی بوو بە ئایینی ڕەســـمی دەوڵەتی (ماد) و (فارس) و لەســـەر دەســـتی دارا بە هەموو ئیران و کوردســـتان و خۆرئاوادا بڵاوبـــووەوە.. هەروەها دەنووسێت کە:

کتێبەکەی ئەم ئایینە ناوی(ئاڤێســـتا)یە.. کە بە زمانی کۆنی کوردی نووســـراوەتەوە، ئەم ئایینە یەکـــەم ئایینە لـــە جیهاندا کـــە یەکێتی خودای پیشـــان داوە، لەســـەر بنچینەی ڕاستی پەرستی فەلســـەفەکەی دانـــاوە و کاری کردۆتـــە ســـەر ئایینەکانی پاش خۆی.. ڕۆژی پێنج جار نوێژی داناوە، هەروەها دەنووســـێت کە ئایینی زەردەشـــت لەســـەر سێ کۆڵەکە بەندە، کە(بیری چاك، وتەی چاك، کردەوەی چاکە)، بنچینەکەشـــی بریتیە لە پەرستنی خوای تاك و تەنیا، توانا و چاکسازی و، ڕێی ڕاست گرتنە بەرە و، بڕوای بە زیندووبوونەوە هەیە، ئایینی زەردەشـــت بایەخێکی زۆری داوە بە کردەوە و ڕەوشـــتی چاك و پـــاك و خاوێنی لەش و دەروون و تەندروســـتی و کارکردنن و کشتوکاڵ بەرهەمهێنان و، درەخت ڕواندن و ئاژەڵ بەخێوکردن و، ئاوەدانکردنەوە و، دادوەری، هەمیشە بۆ برایەتی و دۆستایەتی و نیشـــتمانپەروەری و .. ئاشتی و ئاســـایش و یارمەتیدانی هەژاران و داماوان و، بۆ مرۆڤایەتی هانـــی داوە و.. پایەیەکی بە ئافرەت داوە و لەگەڵ پیاودا یەکسان بووە لە مافا(تەنانەت لە مافی میراتگریشـــدا) هەروەها لە ڕێوڕەسمی ئاینیدا...

ئەوەیـــە کورتەیـــەك لە زەردەشـــت و کولتووری کەلەپوورەکەی، کە ئاوێتەی کەلەپوور و ئێســـتای کوردیە،ئیتر گرنگ نییە کە ئەو وەکو کوردبوونی ئێســـتا، کورد بووە، یا هەر ناونیشانێکی دیکەی هەبووبێ، ئەو فەیلەسووف و بیرمەند و چاکسازی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئەخلاقی و کولتووریی ســـەردەمی خـــۆی بـــووە و، فەلســـەفەکەی تا ئەمڕۆش لە فەرهەنگ و شارســـتانییەکی دنیا تیشـــکدەداتەوە، لـــە یادمانیش بێ، زەردەشـــتی ئایینی گشـــت قەوم و میللەتانی ئاریایی بووە لە کـــورد و فارس و ئەفغانی و تاجیکی و ئازەری و بلووچی و ئەوانی تر.